گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپـەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/7tnm1z93
ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: 01/10/2025
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 07/12/2025
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: 20/03/2026

# وێناکردنی ڕۆڵی هەمەلایەنەی ژنانی هاخامەنشی بەپێی دەقە مێخییەکانی تەختی جەمشید

شاڵاو مصطفى عبدالرحمن[1] عماد عبدالقادر محمد سعيد[2]
shalaw.mustafa@uor.edu.krd imadabid@uor.edu.krd
[1+2]بەشی مێژو،کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان،زانکۆی ڕاپەرین،ڕانیە، هەرێمی کوردستان،عێراق

**پوختە:**
زانیارییەکانمان سەبارەت بە ڕۆڵ و پێگەی ژنان لە ناو دەوڵەتی هاخامەنشی(٥٥٩-٣٣١پ.ز)بەر لە خوێندنەوەی تابلێتە نوسراوەکانی تەختی جەمشید، پشتی بەستبو بە نوسین و ڕاپۆرتی نوسەرە یۆنانییە کۆنەکان. هەرچەندە زانیارییەکان سەبارەت بە ژنانی هەخامەنیشی پەرشوبڵاو سەرەتای بون، بەڵام زانیاری گرنگ و هوندێجاریش سەیروسەمەرەیان سەبارەت بە ژنانی هاخامەنشی لەناو چیرۆك و شانۆنامەکانیاندا نوسیبۆوە، ئەم تێڕوانینە بۆ ژنانی هاخامەنشی لەلایەن یۆنانییەکانەوە لەسەر دو بنەما دارێژرابو: یەکەمیان ئەو پەیوەندییە دوژمنکارییە و ململانێ سیاسییە، کە لە نێوان یۆنانییەکان و هاخانەنشییەکاندا هەبو دوەم جیاوازی کلتوری لە نێوان ئەم دوگەلە لە تێڕوانینیان بۆ ڕەگەزی مێ.
دەقە مێخییەکان سەرچاوەی گرنگ و ڕەسەنن بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵ و پێگەی ژنانی هاخامەنشی، خوێندنەوەی ئەم دەقانە گۆڕانی بەسەر تێڕوانینی توێژەران بۆ ژنانی هاخامەنشی هێنا، پێشینەی تێڕوانینە نوێکانیش دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە، دۆزینەوە و خوێندنەوەی چەند تابلێتەیەك، کە مێژوەکەیان دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی بابلی نوێ (٦٢٦-٥٣٩پ.ز)، لەدواتر و لەدوای گەڕانە شوێنەوارییەکان لەساڵی ١٩٢٠ز بە دواوە لە تەختی جەمشید هەزاران تابلێتی نوسراو و مۆری هێمادار دۆزرانەوە، کە ژمارەیەکی زۆر لەو تابلێتانە تایبەتبون بە ژنانی هاخامەنشی، ئەم بەڵگەنامانە دەروازەیەکی نوێی بەسەر ڕۆڵی ژن و چالاکییە جۆربەجۆرەکانی ژنان کردەوە لەناو دەوڵەتی هاخامەنشی بەپێی نوسراوی سەر تابلیتەکان ژنان چالاکی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی فراوانیان ئەنجامداوە و شانبەشانی پیاوان کاریانکردوە ئەمەش زەمینەڕەخسێن بوە بۆئەوەی ژنان سەرەڕای بەشداریکردنیەیان لە کایە جۆربەجۆرەکان، ببنە خاوەن کارگە و زەویوزار و بازرگانی و سەرکار و هونەرمەند و کرێکار، لەم توێژینەوەدا بەوردی بەدوای ژمارەی ئەو تابلێتانەدا گەڕاوین، کە باس لە ژنانی هاخامەنشی دەکەن، تا لەڕێگەیانەوە لە ڕۆڵ و کاریگەری ژنان بگەین لەناو دەوڵەتی هاخامەنشی، بۆ ئەم مەبەستە هەوڵمانداوە کاریگەری هەریەك لە ژنانی بنەماڵەی پاشایان و ژنانی دەرەوەی کۆشك بەجیا بخەینەڕو.

**کلیلە وشە**: هاخامەنشی، ژن، شاژن، تابلێت، دەقە مێخییەکان.

# Understanding The Comprehensive Status of Women in The Achaemenid Empire (559-331 B.C.), Before the Discoveries of Clay Tablets from Persepolis

**Shalaw Mustafa Abdulrahman[1] - Emad Abdulqadir Mohammed Saeed[2]**

[1+2]Department of History, College of Humanities, Raperin University, Ranya,Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract**

much of the information came from the Greek historians. Besides the information about Achaemenid women, these reports included information about the early beginnings of Achaemenid women and how their roles later became more dispersed or scattered, also strange and peculiar information was found in the reports about Achaemenid women in their stories and plays. This view of Achaemenid women by the Greeks was based on two formulas, first, it was because the political tension and constant fighting between Greece and the Achaemenid Empire, and secondly, the big cultural differences between them, especially in how they viewed women.

A more accurate understanding began to emerge with the study of primary sources, which is cuneiform texts. In fact, the deciphering of these texts brought a change to researchers' views on Achaemenid women. This shift began in the late 19$^{th}$ century, following the discovery and translation of clay tablets dating back to the Neo-Babylonian period (626–539 B.C.). Later, from the 1920s onward, extensive archaeological excavations at Persepolis (Takht-e Jamshid) uncovered thousands of inscribed clay tablets and seals, which many of them directly referred to women.

These discoveries opened an entirely new perspective on the roles and activities of women in the Achaemenid Empire. The inscriptions revealed that women participated commonly in economic, social, and political life, often working alongside men. They were not only employees but also landowners, factory owners, business managers, artists, and laborers. In this research paper, we have thoroughly examined some of these clay tablets to better understand the significant role women played within the Achaemenid Empire. To do so, we focused on explaining the impact of women from the royal family, those from the royal, and those from outside the palace, each on their own.

Keywords: Achaemenid, Woman, Queen, Clay Tablet, Decipher, Inscribe, Cuneiform.

## پێشەکی

بەڵگەنامە جۆراوجۆرەکان وا نیشـان دەدەن، کە لەسـەرەتای سـەرهەڵدانی شـارسـتانیەتیەکان ژنان شـانبەشـانی پیاوان کاریانکردوە و لە چالاکیە جیاجیاکاندا ڕۆلیانگێڕاوە، مێژوی ئێرانی کۆن خاوەنی چەندین شـارسـتانی جۆراوجۆرە هەریەکە لەو شـارسـتانیانە لەلایەن کۆمەڵی گەل و نەتەوەی جیا بنیاتنراون، لەناو هەریەك لەم شـارسـتانیەتیانە ژنان ڕۆڵی خۆیان گێڕاوە لە گۆڕانکاریە سیاسی و ئابوری و پرسەکۆمەڵایەتیەکاندا، ئەم ڕۆڵ و کاریگەریەی ژنان لە شارستانیەتیەکەوە بۆ شارستانییەکیتر جیاواز بوەو ئەم جیاوازیەش لەسەر بنەمای ئەم ئەرك و ماف و دابونەریتە کۆمەڵایەتی و ئاینیانە بوە، کە شارستانیەتیەکەی لەسەر هەڵچنراوە.

لەڕاسـتیدا دو تا سێ دەیە لەمەوبەر پرسی ژن جێگەی گرنگی پێدانی توێژەران نەبوە، بەڵام لەم مێژوە بەدواوە بەهۆی کاریگەریە جیاوازەکانی ژنان و دەرکەوتنی ڕۆڵیان لە دروسـتکردنی شـارسـتانیەتیە دێرینەکان بۆتە جێگەی سـەرنجی توێژەران و توێژینەوەی جۆراوجۆری وەك مێژوی و شیکاری وەسفی بۆ ئەم توێژە ئەنجامداوە.

سـەردەمی دەوڵەتی هخامەنشی- ژنان ڕۆڵێکی پڕڕەنگتریان گێڕاوە بە بەراورد بە شـارسـتانیەتیەکانی دیکەی ئێرانی کۆن، ژنان لەم سـەردەمەدا سـەرەڕای فراوانی چالاکیە کۆمەڵایەتیەکانیان ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە لە پرسـە سـیاسی و چالاکیە ئابوریەکاندا، تۆمارە نوسراوەکانی ئەم سـەردەمە پێماندەڵێن ژنان شـانبەشـانی پیاوان کاریانکردوە و لە دەرفەتی فێربون و کاردا لەگەڵ پیاوان یەکسـان بون کۆمەڵێ کاروباری هونەری وردیان ئەنجامداوە، لەگەڵ ئەوەشـدا ژنان خاوەن کارگە و کێڵگە و زەویوزاری فراوان بون و ئازادی کاری زۆریان هەبوە.

بەر لە خوێندنەوەی دەقە مێخیەکانی تەختی جەمشید بەهۆی نەبونی وێنەی ژنان لە هونەری هەخانەنشی. لە پایتەخت و شارە جیاوازەکانی هاخامەنشی، توێژەران لەو باوەڕەدابون، کە ژنان هیچ ڕۆڵێکیان لە چالاکیە جۆراوجۆرەکاندا نەگێڕاوە هەروەها لەسـەر بنەمای ڕاپۆرتی مێژونوسـانی یۆنانی کلاسـیك، توێژەران پێیانوابو پیاوانی هاخامەنشی- زۆر هەسـتیاربون بەرامبەر ژن و کچانی خێزانەکانیان، ژنان و کچانی خۆیان لە سوچێکی ماڵەکانیاندا بە چڕی چاودێریکردون لە چاوی بێگانە شـاردویاننەوە، بەڵام دۆزینەوە شـوێنەواریەکانی تەختی جەمشـید دەیان نوسراوی ڕەسـەنی خستە بەردەم توێژەران، کە بە خەتی مێخی و زمانی ئیلامی و پارسی کۆن نوسرابون، لە هەریەکێکیان ژنان وەك توێژێکی کارای ناو کۆمەڵگەی هاخامەنشی- نیشـانداوین، هەریەك لەم تابلێتانە دەکرێت وەك بنەمایەکی گرنگ لێیان بڕوانرێ بۆ تێگەیشـتن لە دۆخی ڕەگەزی مێ لە ناو شارستانیەتی هاخامەنشی.

ئەوەی جێی باسـە مێژونوسـانی یۆنانی بەگشـتی بە دیدێکی ڕەخنەیەوە لە دونیای ژنانی هەخامەنشـیان ڕوانیوە لەدوای خوێندنەوەی دەقەمێخیەکانی تایبەت بە دەوڵەتی هخامەنشی-، چەندین توێژەر سـەرقاڵی وڵامدانەوەی نوسـینی شـێوازی ڕەخنەی مێژونوسـانی یۆنانین بۆ ژنانی هخامەنشی- و بەدوای هۆکاری ئەم تێڕوانینەن و تاڕادەیەکی باشـیش وڵامی لۆژیکی و زانستیان سەبارەت بەم تێڕوانینە نەرێنیەی مێژونوسانی یۆنانی کۆن دەستکەوتوە.

**ئـامـانج و گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگترین ئـامـانجی ئەم توێژینەوەیە خسـتنەڕوی ڕۆڵ و پێگەی هەمەلایەنەی ژنـان لەسـەردەمی دەوڵەتی هاخامەنشـیە بەپشـت بەسـتن بەکۆمەڵێ سـەرچاوەی ڕەسـەن، کە بریتین لە ژمارەیەك تابلێتەی نوسراوی ناو تەختی جەمشد و شیکاری ئەو بەڵگەنامانەیە لەلایەن چەندین توێژەری هاوچەرخ هەروەها ڕاستکردنەوەی تێڕوانینی نەرێنی مێژونوسـانی یۆنانی کۆن سـەبارەت بە ژنانی ناو ئەم شـارسـتانیەتیە، لەم ڕوانگەیەوە توانراوە تاڕادەیەکی باش وێنای ژنانی ناو کۆشك و دەرەوەی کۆشك لەڕێگەی تابلێتە جێماوەکانەوە وەك ئەوەی کە هەبوە، بخرێتەڕو.

**سنوری توێژینەوەکە**: لەبەرئەوەی مێژوی بەشێك لەو تابلێتانەی لەناو تەختی جەمشـید دۆزراونەوە نازانرێ، بۆیە ڕۆڵی ژنانمان بەگشـتی بەدرێژایی فەرمانڕەوای دەوڵەتی هاخامەنشی- (٥٥٩-٣٣١پ.ز) خسـتۆتە بەرباس و لەسـەر چۆنیەتی و

چەندیەتی بەشداریکردنیان لە پرۆسەی سیاسی و بارودۆخی کۆمەڵایەتی چالاکییە ئابورییەکانی وەستاوین و بەوردی ژمارەی ئەوتابلێتانەو چۆنیەتی ئاماژەدانیان بەژنان کردۆتە مژاری توێژینەوەکەمان.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و شیکاری، بەکاربهێندرێت، بەپێی توانا و دەستگەیشتنمان، ڕژدبوین لەسەر بەکارهێنانی چەندین بەڵگەنامە و ژێدەری باوەڕپێکراوی زانستی، کە زۆریان لە ناوەندە زانستییەکان ئەنجامدراون و بڵاوکراونەتەوە کە بەشێکی زۆر لەو سەرچاوانە بە زمانی و ئینگلیزی و فارسی نوسراون.

**بەشەکانی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوە و کۆمەڵێ پەراوێزی گرنگ، پێکهاتوە لە پوختەیەك سەبارەت ژنانی هاخامەنشی. لە دیدی مێژونوسانی یۆنانی کۆندا، لەدواتر سەرەتایەکمان سەبارەت بە گەڕان و پشکنینە شوێنەوارییەکانی تەختی جەمشید و دۆزینەوەی تابلێتەکان و چۆنیەتی خوێندنەوەیان، لە دوای ئەمە هاتوینە سەر ئەو بەشانەی، کە بریتین لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەمان لەو نیوەندەدا باسی ژنانی کۆشك و دواتر ژنانی دەرەوەی کۆشکی هاخامەنشیمان کردوە لەسەر بنەمای دەقە مێخییەکانی ناو تابلێتە دۆزراوەکانی تەختی جەمشید.

**پرسیارەکانی توێژینەوەکە:**

١.بۆچی مێژونوسانی یۆنانی کۆن تێڕوانینێ نەرێنیان بۆ ژنانی هاخامەنشی هەبوە؟سەرچاوەی ئەو تێڕوانینە نەرێنییە لە چیەوە سەریهەڵداوە؟

٢. ژنانی کۆشك چالاکییە ئابورییەکانی خۆیان چۆن ئەنجامداوە؟

٣.لە چ ڕێگەیەکەوە دەتوانین ژنانی بنەماڵەی پاشا و ژنانی ئاسای لەناو تابلێتەکاندا لێکجیابکەینەوە؟

٤.باوترین ئەوپیشانەی ژنانی ئاسای ئەنجامیان داوە چی بوە؟

٥. ئاماژە بە مافە دارایی و کۆمەڵایەتییەکانی ژنانی هاخامەنشی دراوە لەناو تابلێتە دۆزراوەکانی تەختی جەمشیددا؟

## باسی یەکەم: ژنانی هاخامەنشی لە دیدی مێژونوسانی یۆنانی کۆندا.

یەکێك لە پرسە گرنگەکانی تایبەت بە ژنانی هاخامەنشی. بریتییە لە دیدی مێژونوسانی یۆنانی کۆن سەبارەت بە ژنانی هاخامەنشی، ئەوەی هەیە لە تێڕوانینی مێژونوسان و هونەرمەندانی یۆنانی سەبارەت بە ژن وەك لە پیشەکیدا ئاماژەمانپێکرد تێڕوانین و بیرکرنەوەیەکی نەرێنیە، ژنانی هاخامەنشیان بە دڕندەو تۆڵەسێن و مەسرەفگەرا و پلانگێڕ ناودەبەن لەڕاستیدا هەریەکەشیان لە بەرهەمەکانیاندا چەندین ڕوداو بەڵگە و چیرۆکیان لەو بارەیەوە خستۆتەڕو، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە لە تێڕوانینە شاباسی مێژونوسانی یۆنانییە سەبارەت بە ژنانی هاخامەنشی، بۆیە بە پێویستی دەزانین چەند نمونەیەکی **کورت و پوخت** لەناو سەدان نمونە سەبارەت بە ژنانی هاخامەنشی. بخەینەڕو، تا تێڕوانینی مێژونوسانی یۆنانی سەبارەت بە ژنانی هاخامەنشی ڕۆشنتربێت.

هێرۆدۆت ئاماژە بەڕۆڵ و کاریگەری ژنانی کۆشك دەکات لە هاندانی پاشایانیان بۆ هێرش و لەشکرکێشیەکانیان بۆ سەر شارستانیەتییەکانی دەوروبەریان و لەم بارەیەوە دەڵێ ئاتوسا[١] هانی داریوش(٥٢٢-٤٨٦پ.ز)[٢] داوە بۆ هێرشکردنە سەر یۆنانییەکان لە کاتێکدا داریوش خۆی بۆ شەڕکردن لەگەڵ سکاییەکان[٣] ئامادەکردبو، لەم بارەیەوە هانی داریوش دەدات و پێیدەڵێ بە هێرشکردنە سەر یۆنانییەکان هەم هێزو شکۆو گەورەی خۆت نیشانی گەلەکەت دەدەیت و هەمیش بە سەرقاڵکردنی گەلانی ژێر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکەت بە جەنگی یۆنانییەکانەوە دەرفەتی شۆڕشە هەڵگەڕانەوە ناهێڵی لە ناوخۆدا (Herodotus,3,134-135). هەروەها مێژونوسێکی دیکە یۆنانی باس لە دەستوەردانی ژنانی هاخامەنشی دەکات لە کاروباری سیاسی و ئەم دەست وەردانەش بە سەرەتای سەرهەڵدانی ململانێ ناوخۆییەکان دەزانێ، لەم بارەیەوە ئاماژە بە پێداگری پریساتسی Parysatis[٤] دایك بۆ دیاریکرنی کوڕە بچوکەکەی (کۆرشی بچوك) بە شازادەی جێنشین لە

جێگەی ئەردەشــێری دوەم(٤٠٥-٣٥٩پ.ز)ی کوڕەگەورەی، ئەنجامی ئەم جیاکارییە لە نێوان کوڕانی پاشـــا ململانێیەکی سەختی ناوخۆی لێکەوتەوە (Xenorpon, 1,11,9).

لە بارەی تۆڵەسـێنی ژنانی ناوکۆشـکی هخامشـنی وا باسـدەکرێت شـاژنە (پریسـاتس) خێزانی داریوشی دوەم (٤٢٤-٤٠٥پ.ز) دوای دروستبونی ناکۆکی لەسەر دەسەڵات لە نێوان کوڕەکانی (ئەردەشێری دوەم) و (کۆرشی بچوك) یاخیبونی کۆرش و سـەرئەنجام کوشـتنی لەلایەن ئەردەشـێرەوە (پریسـاتس)ی دایکیان بە توندترین شـێوە تۆڵەی لەوکەسـانە وەرگرتەوە و لەناویبردن، کە گومانی لێدەکردن لە پلانگێڕی کوشــتنی کوڕەکەیدا بەشـــداریانکردبێ ناوبراو بە هێمای تۆڵەسـێنی دادەنرا لەناوکۆشـکی هاخامەنشی_ و بە دڕندانەترین شـێوە دوژمنەکانی لەناو بردوە لە چوار چێوەی ئەم تۆڵەسێنییەوە ئاماژە بە کوشتنی متمانەپێکراوترین خواجەی ئەردەشێرو چەند فەرماندەیەکی سـەربازی دەکرێت، کە بە دڕندانەترین شێوە لەلایەن (پریساتیس)ەوە کوژراون، تەنانەت دەستی لە ئازیزترین کەسانی پاشاش نەپاراستوە تەنانەت هەڵسـاوە بە کوشـتنی بوکەکەی(ئەسـتاتیرا Stateira) واتە هاوسـەری کوڕەکەی(ئەردەشـێری دوەم) پاشـای هاخامەنشی(Plutarchslives, 17,1-5 - 19,1).

لەبارەی مەسرەفگیرای ژنانی کۆشك هێرۆدۆت باس لەوە دەکات تەواوی شاری ئانتێلا لە میسر_ لەدوای داگیرکردنی بۆتە موڵکی شـاژن و تەواوی خەڵکی ئەو شـارە بۆدابینکردنی خەرجی پێڵاوەکانی شـاژن ئیش دەکەن (2, 98)، هەروەها مێژونوسێکی تری یۆنانی ئاماژەبە پریسـاتس دەکات و دەڵێت یەکێك لە ڕواڵەتگەراکانی ناوکۆشـکی هاخامەنشی_ شـاژنە پریساتس بو بە ڕادەیەك ئاواییەکی لەلایەن پاشاوە پێدرابو تەنها بۆ خەرجی پشتێن وکەمەربەندەکانی و بە ڕێگەی وەرگرتنی باج و خەراج لەو ئاوایانە خەرجییەکانی پشتێنەکانی دابیندەکرد و لەهەمانکاتدا ئاماژە بەوە دەکات پریساتس خاوەنداریەتی چەند گوندو ئاوای تری کردوە و موڵکی ناوبراو بون(Xenorpon, 1 ,6,9).

هەروەها مێژونوسانی یۆنانی باس هێزی سیاسی ژنانی هاخامەنشی دەکەن و پێیانوایە زۆر جار پاشا وەك بوکەڵەیەك وابوە بەدەستی ژنانی کۆشکەوە و لە ڕوی هێزەوە شاژنیان بە هاوشانی پاشا زانیوە، لەم بارەیەوە مێژونوسێك سەبارت بە ژنانی هاخامەنشی_ نوسـیویەتی: ژنانی هاخامەنشی_ زۆر بەهێزبون لەناوکۆشـکدا بەجۆرێك کۆشـکی هاخامەنشی_ خاوەن دو شمشێری ئاسنینی بەهێز بو شمشێرێکیان پاشا و ئەویتریان شاژن بوە (Llewellyn-Jones.2010,96) هەروەها ناوبراو شـاژنە (امسـتریس)، کە تـاقـانە کچی داریـوشی دوەم(٤٢٤-٤٠٥پ.ز) و خـوشـکی ئەردەشـێری دوەم بـوە (Schmit.1989,936) بە یەکێك لە دڕندەترین ژنانی ناوکۆشـك پێناسـەکردوەو چەندین نمونەی توندوتیژی و دڕندەی ئەو شـاژنەمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئاماژە بە کوشـتن و زیندە بەچاڵکردنی پزیشـکێکی یۆنانی بەناوی (ابولونیدس)دەکات بەبیانوی ئەوەی لە کاتی چارەسـەردا دەسـتدرێژیکردۆتە سـەر (امیتیس)ی کچی (Llewellyn-Jones.2010,140) هەر لەبارەی ستەمگەری (امستریس) مێژونوسێکی تری یۆنانی چیرۆکی ناوبراومان بۆ دەگێڕێتەوە بەرامبەر (ئارتاینتە)ی خێزانی (ماسیستس) برای خەشایارشا(٤٨٦-٤٦٥پ.ز)ی هاوسەری، کە چۆن بەبیانوی ئەوەی خشایارشای هاوسەری عاشقی براژنەکەی (ئارتاینتە)بوە مەمك و لێو لوتی (ئارتاینتە)ی بڕیوەو خستویەتییە بەردەم سەگی هار و بەم شکڵە شێواوە تەرمی ئەو ژنەی ڕادەستی خێزانەکەی کردۆتەوە(Herodotus,9,108-113).

لە هەمانکاتدا بەشـێکی زۆر لە مێژونوسـانی یۆنانی باس لە داخراوی ژنانی هخامەنشی_ و تێکەڵنەبونیان شـاردنەوەیان لە چاوی بێگانە دەکەن، لەم بارەیەوە باس لەوە دەکەن، کە کلتوری پارسـەکان وا باوبو، کە ژنەکانیان لە چاوی بێگانەکان دەشـــاردنەوەو لە ســەفەرەکـانیشـــیـان بە گـالیســکەیەکی تەواو داپۆشراو دەگوازرانەوەو هـاتوچۆیـان پێـدەکرا (Diodoruddiculus, 2 ,45)

جێی بـاسـە ئەم جۆرە لە تێڕوانینە لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیشـیادا ڕەنگی داوەتەوە لە نمونەیـان شـــانۆنـامەیەکی (ایسخولوس[5])ە ئەم شـانۆنامەیە، کە دوای هێرشی خەشـایارشـا بۆسـەر یۆنان نوسراوە لە سـەرانسـەری شـانۆنامەکەدا

پاشای بێدەسەڵات بەرامبەر شاژن وێناکردوە و شکستەکانی حکومەتی هاخامەنشی دەبەستێتەوە بە دەستوەردانی ژنان لە کاروباری سیاسیداو باسی پەرێشانی پاشایانی هاخامەنشی. دەکات بەرامبەر ملهوڕی و گوێنەدانی شاژن بە بە فرمانەکانی پاشـــا، لەمبارەیەوە یەکێك لەو ژنانە بە نمونە دەهێنێتەوە، کە(ئاتوســـایە)و ســـمبولی ژنانی هاخامەنشـــییە و گوێڕایەڵی خەشایارشا ناکات (Aeschyus, 176-200).

پەرتوکەکانی مێژونوســـانی یۆنانی کۆن نمونەی زۆری لەمشـێوەیەی تێدایە ســەبارەت بە ژنانی هاخامەنشی. لە ڕاسـتییدا بەشـــێکی زۆر لەو ڕوداوانەی مێژونوســـانی یۆنانی ســـەبارەت بە ژنانی هاخامەنشی گێڕاویانەتەوە چیرۆکی زارەکی بون و دەماودەم دەکرێ بۆیان گێڕدرابێتەوە، ئەم جۆرە گێڕانەوانەش بەگشـــتی زیادەڕەوی تێدەکەوێـــــت، بەڵام هەریەك لەو چیرۆکانە پاشـــخانێکی مێژوی و واقعیان هەبوە بەپێی ئەوەی هەریەکە لەو مێژونوســـانە ئاگاداری ناکۆکییەکان و جەنگ و فراوانخوازییەکانی هاخامەنشییەکان بون.

## باسی دوەم: گەڕان و پشکنینە شوێنەوارییەکانی تەختی جەمشید

لەگەڵ خوێندنەوەی دەقەمێخییەکان وردەوردە ئەم تێڕوانینە سەبارەت بە ژنانی هاخامەنشییەکان گۆڕانی بەسەرداهات، پێشینەی تێڕوانینە نوێکانیش بۆ ژنانی هاخامەنشی. دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە ساڵی ١٩٠٤، دوای ئەوەی کەسێك بەناوی میسنر(Meissner)، کە هەندێ تابلێتی نزسراوی دۆزینەوە مێژوەکەیان دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی بابلی نوێ، ناوبراو ناوی (پروشـــاتو)ی لەناو ئەو تابلێتانە دیاریکرد بەشـــێك لەو تابلێتانە ســـەر بە دامەزراوەی ئابوری (مۆڕاشـۆ)بون، هەروەها ئەوەی دیاریکرد، کە (پروشاتو) یەکێکە لە هاوسەرەکانی داریوشی دوەم ئەوەشی ڕونکردەوە، کە پروشـاتو هەمان (پریســاتس)ە، کە لە ســەرچاوە یۆنانییەکاندا باسـکراوە، تابلێتەکانی مۆڕاشــۆ دەریدەخەن، کە ئەم ژنە چالاکییە ئابورییەکانی خۆی لەلایەن تیمێکەوە، کە نوێنەری تایبەتی خۆی بون بەڕێوەبردوە، کە پێکدەهاتن لە دادوەر و ژمێریار و خزمەتکار و کرێکاران ئەم بەڵگەنامەیە لەو سەردەمە زیاتر بەدواداچونی بۆنەکرا، تەنها ئەوە خرایەڕو، کە ئەم ژنە شاژنی گەورەی پاشای هاخامەنشی. بوە دەسەڵاتێکی زۆری لەناوکۆشدا هەبوە (الذکر,١٣٩٣ ,٢١-٢٢)، ئەوەی پاڵپشتی ئەم زانیاریانەی دەکردو پشتڕاستی دەکردنەوە نوسینی مێژونوسە کلاسیکییەکان بو، کە تیایدا باس لەوەدەکەن پریساتس خاوەنی زەویوزارو موڵکی فراوان بوە لە ناوچەیەکی وڵاتی بابل لەلایەن کەســـێکەوە ئەو موڵکانەی بۆ بەڕێوەبراوە ناوی (پەقدو paqdu) بوە، ئەم بەڵگەنامانە دڵنیایی دەدەن لە ڕاســـتی و دروســـتی ئەو ڕاپۆرتانەی ســـەبارەت بە پریســـاتس نوسراون و دۆزراونەتەوە لە تەختی جەمشـــید(Briant, 1985, 64)، جێی ئاماژە پێدانە ئەم بەڵگەنامانەی تایبەت بە ژنانی هاخامەنشی. و لە دامەزراوەی ئابوری مۆڕاشــۆ دۆزراونەتەوە بە زمانی ئەکەدی نوسراون و ئەم دەقانە بەڵگەنامە و گرێبەسـتی کڕین و فرۆشـتن و بەکرێدانی زەوی و زارن، ئەو بەڵگانە لە دەرەوەی بابل تۆمارکراون لە (ئەگبەتانا و نەیپور)کە دو ناوەندە بازرگانییەکانی ئەو ڕۆژگارە بون، ئەم بەڵگە نامانە بەیەکێك لە گرنگترین بەڵگەنامەکان دادەنرێن بۆ تێگەیشـــتن لە چالاکییە ئابوری و کارگێڕییەکانی ژنانی هاخامەنشی. (خسروی، ١٣٩٨، ١٨)، مێژوی ئەم بەڵگەنامانە بۆ سـاڵی دەیەمی پاشـایەتی ئەردەشـێری دوەم دەگەڕێنەوە، کە پێدەچێت پەیوەندیداربن بەوکاتەی، کە پریسـاتس لەلایەن پاشـاوە بۆ بابل دورخرایەوە (کاملی، ١٤٠٠، ١٥) بەڵگەنامەی زۆر بەردەسـتن بۆ پشـتڕاسـتکردنەوەی ئەوبابەتەی باس لەوە دەکات، کە ژنان خـاوەن موڵك و زەوی و زاربون، لە نـاو ئەوتـابلێتـانەی پەیوەســـتن بە وەرگرتنی باج ڕوبەڕوی نـاوی چەنـد ژنێك دەبینەوە، کە خاوەن کارگە و ئاژەڵدار و زەویوزاربون و باجیان لێوەرگیراوە(کخ، ١٣٨٩، ٤٦).

لەدوای ئەمە ئارنست هرتسفیلد سالی ١٩٢٤ لەسەر داوای پارێزگاری ئەوکاتی شیراز داوایلێکرا سەردانی تەختی جەمشید بکات ناوبراو ڕاپۆرتێکی تەواوی دەربارەی ســەفەرەکەی نوسی و تیایدا پێشــنیاری لێکۆڵینەوە و پاراســتنی شــوێنەوارەکانی ئاڕاســتەی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی زانکۆی شــیکاگۆ کرد، ئەم ڕاپۆرتەی بەناونیشــانی (وێرانەکانی شــاری پارس) بەزمانی فەڕەنسی‌ـــ نوسی لە دواتردا ســـاڵی ١٩٣٠ دامەزراوەیەك بە نـاوی (دامەزراوەی ئەمریکی بۆ لێکۆڵینەوە لە هونەرو

شـوێنەوارەکانی ئێرانی کۆن American Institute for Persian Art and Archeology بۆ لێکۆڵینەوە لە تەختی جەمشــید لە نیورك پێکهێنرا هەر لەســەر بنەمای ڕاپۆرتەکەی هرتســفیلد زانکۆی شــیکاگۆ داوای حکومەتی ئێرانی ئەو ســەردەمەکرد ڕێگە بە هەڵکۆڵین و توێژینەوە لە تەختی جەمشـــید بدەن بە پەیمانگاکەیان و حکومەتی ئەوکاتی ئێران بە کۆمەڵێ مەرج ڕازی بو بەم جۆرە هەڵکۆڵین لە تەختی جەمشید لە ژێر چاودێری پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی زانکۆی شیکاگۆ دەستی پێکرد (الذکر، ١٣٩٤، ٢٣)

لێکۆڵینەوەکانی پەیمانگای ڕۆهەڵاتی زانکۆی شــیکاگۆ لە تەختی جەمشــید بوە هۆی دۆزینەوەی دو کۆمەڵەی جیاواز لە تابلێتە، کە بە زمانی ئیلام[٦]ی نوسرابون، کۆمەڵەی یەکەم لەلایەن ئارنِســت هرتسـفلد لە نێوان سـاڵانی ١٩٣٣-١٩٣٤ لە دامێنی دیوارەکانی کۆشك لە باکوری ڕۆژهەڵاتی حەوشەی تەختی تەجەمشید واتە لە کۆشکەکانی (ئاپادان و سەد ستون)، کە بە شـــەش مەتر خۆڵ داپۆشرابو لە کاتی دروســـتکرنی ڕێگەیەك بۆ عارەبانەکانیان کرێکاران ژورێکیان دۆزییەوە، کە دەرگاکەی داخرابو ئەم ژورە بڕێکی زۆر تابلێتی نوسراوی تێدا هەڵگیرابو (Razmjou, 2004 ,103)؛ (الذکر، ١٣٩٤، ٢٤) ئەم تابلێتانە، کە ژمارەیان زیاتر لە سی هەزار تابلێت بو دواتر بۆ لێکۆڵینەوە نێردرانە زانکۆی شیکاگۆ لەوێ ڕیچارد هاڵك و جورج کامرون کەوتنە توێژینەوە لەو تابلێتانە، ئەو تابلێتانە پڕن لە زانیاری ســەرنجراکێش ســەبارەت بە داهات و خەرجی ژنان و کچانی بنەماڵەی شــاهانە و موچەو کرێی ژنانی پیشــەگەرو ئاســایی، کۆی ئەم تابلێتانە زانیاری دەگمەن ســەبارت بەگشت کایەکانی دەوڵەتی هاخامەنشی دەخەنەڕو(کخ،١٣٧٧، ١٣١-١٣٢).

نزیکی ٦٠٠٠ لەو تابلێتانە ســاغ بون و توشی داخوران نەبون ئەم تابلێتانە مێژوی تۆمارکردنیان بۆ ســەردەمی پاشــایەتی داریوشی یەکەم دەگەڕێتەوە (تجویدی و مکنودی، ١٣٧٧، ١١٠) لە ڕاســتیدا ئەم داتایانە و زانیاریانەی ســەر تابلێتەکان بۆ سەردەمێکی دیایکراو بون وەها نەنوسراون و تابلێتەکانیش وەها دروستنەکراون سەدان ساڵ بە سەلامەتی بمێننەوە و توشی داخوران نەبن، بەڵام شاڵاوەکانی ئەسکەندەری مەقدۆنی بۆ سەر تەختی جەمشید و سوتاندنی تەواوی کۆشکەکانی پاشــایانی هاخامەنشیـ ئاگرەکە وایکرد تەواوی تابلێتەکان ســوربینەوە و پتەوتربن و ڕوداوە سروشــتییەکان کەمتر توشی داخورانیان کات(بریان،ج١، ١٣٧٧، ٧٥).

نوسینی سەر ئەم تابلێتانە، کە بە هەردو زمانی ئیلامی و زمانی ئەکەدی و لەهجەی بابلی نوسراون (فیروزمندی و مکنودی، ١٣٨٨، ٤) مێژوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ســاڵی (٥٠٩-٤٩٤)پ.ز واتە لەســاڵی سـێزدەهەمین تا ســاڵی بیســت و هەشـتەمی پاشــایەتی داریوش (Hallock, 1969, 1)، هڵك توانی لە کۆی ئەو سی هەزار تابلێتەی لەلایەن هرتســفلد لە کۆشـــکی (ئـاپـاپـادان و ســـەد ســـتون) دۆزرابونەوە (٢٠٧٨) تـابلێـت بخوێنێتەوە و لە پەرتوکوێکـدا بەنـاوی (تـابلێتەکـانی کۆشکەشاهانەیەکانی تەختی جەمشیدPF)[٧] بڵاوبکاتەوە، دەساڵ دواتر ٣٣ تابلێتی تری خستەسەر پەرتوکەکەی جگەلە چەندین مۆر بە وێنەی جۆراوجۆرەوە (بریان، ١٣٨٦، ٨٨٠ ). لەڕاســتیدا ئەم پەرتوکە دەروازەیەکی تازەی ســەبارەت بە مێژوی هاخامەنشییان بەگشتی و ڕەوشی ژنان لەناو ئەم دەوڵەتە بە ڕوی توێژەراندا کردەوە (الذکر، ١٣٩٤، ٢٤).

دوەمین کۆمەڵەی ئەو تابلێتانە لەلایەن دکتۆر (ئەریك ئەشــمیت)لە نێوان ســاڵانی ١٩٣٦-١٩٣٨ لەناو گەنجینەکانی تەختی جەمشــید دۆزرانەوە، کە تیایدا ســەدان تابلێت بە زمانی ئیلامی لەگەڵ کۆمەڵێك مۆر و کەلوپەلی لەســەر نوسراو دۆزرانەوە، تەنها تابلێتەکان نزیکەی هەشت سەد تابلێت بون، کە بەشێکی زۆریان ئێستا لە مۆزەخانەی تارانن و نزیکەی چلو پێنج تابلێت لەو تابلێتانەی لەلایەن ئەرشــمیت دۆزرانەوە، بەخشرــانە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی زانکۆی شــیکاگۆ (ویسـهوفر١٣٧٧،٩٠) جۆرج کامرۆن لەناو ئەو هەشـت سـەد تابلێتە ١١٤ دەقی نوسـیوەتەوە و وەرگێڕانی بۆ کردون سـاڵی ١٩٤٨ لەژێر ناونیشـانی (تەبلێتەکانی ئەرشـیفی تەختی جەمشـیدPT)[٨] بڵاویکردنەوە، کە مێژوی ئەم دەقانە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (٤٩٢-٤٥٨) پ.ز (الذکر، ١٣٩٤، ٢٤)

لەم دەقە میخیانەشدا سەرای باسکردنی کار و چالاکی ژنان و چۆنیەتی پێدانی موچەو حەقدەستی کرێکاران و پیشەوەران و هونەرمەندان، تێبینی گرنگ سەبارەت بە کارگێری کۆشك دابینکرنی سکە و خۆراك و پێدانی بەرهەمی سروشتی وەك دانەوێڵەو میوە، چۆنیەتی بەرهەمهێنان و زیادکردنی بەرهەم و پارێزگاری لە کشتوکاڵی و ئاژەڵداری دەخەنەڕو (ویسهوفر،١٣٧٧، ٩٠).

ئەگەر ناوەرۆکی ئەم دو کۆمەڵە تابلێتانە بابەتیانە پۆلێنبکەین دەتوانین بڵێین تابلێتەکانی کۆشك، کە بە (PF) ناسراون ژمارەیان نزیکی ٣٠ هەزار تابلێت بو زیاتر ڕاپۆرتی سەبارەت بە موچە و کرێی کرێکارانن، کە بە خۆراك و شەراب و بیرە و گۆشت و میوە وەك کرێ بە کرێکاران دراوە، لە کۆگانی پارسەوە دراون بە کارگێری ناوەندی تەختی جەمشید و لەوێشەوە بەسەر کرێکاراندا دابەشکراوە، ئەمە لە کاتێکدایە، کە تابلێتەکانی گەنجینەی تەختی جەمشید، کە بە (PT) ناسراون و ژمارەیان ٨٠٠ تابلێتە ڕاپۆرتەکانیان باس لە پێدانی پارە و دراوی زیو دەکەن بە کرێکاران (کوك، ١٣٨٣ و ١٥٨-١٥٩). دابەشبونی ئەم تابلێتانەش بەسەر دو کۆمەڵەدا لەسەربنەمای دۆزینەوەیانە لە دو شوێنی جیاواز پۆلێنکراون.

## باسی سێیەم: وێناکردنی ژنانی هاخامەنشی لە دەقە مێخییەکاندا

### ١.ژنانی ناوکۆشك

بە گشتی ئەم تابلێتانە بەشێکی زۆری پرسیارەکانی توێژەران سەبارەت بە ژنانی ناو کۆشك و دەرەوەی کۆشکی هاخامەنشی. وڵامدەدەنەوە، بە سەرنجدانی ورد لە دەقە مێخیانە دەتوانین زانیاری ورد و دەگمەن سەبارەت بە چالاکییە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئاینییەکانی ژنانی ناو دەوڵەتی هاخامەنشیمان دەستبکەوێت(خسروی، ١٣٩٨،١١-١٢)، ئەوەی، کە تابلێتەکانی تەختی جەمشید سەبارەت بەژنانی هاخامەنشی۔ دەیڵێن ئەوەیە، کە زۆربەی هەرە زۆری ژنانی ناو کۆشك تاکێکی چالاك کاراو بە جوڵەبون، بەشدارییان لە ئاهەنگە جۆراوجۆرەکان کردوە و لە هەندێ ئاهەنگیشدا خانەخوێ و میوانداریيان کردوە، سەرەڕای ئەوەش بەهەمو وڵاتدا گەڕاون و گەشتیان کردوەو فرمانیانی جۆراوجۆریشیان دەرکردوە (ویسفوهر، ١٣٩٠، ١١٢) و ژنانی کۆشکی شاهانەی هاخامەنشی. لەوپەڕی خۆشگوزەرانیدا ژیانیان کردوە (ئازاد، ٢٠٠٧، ٦١)

بەپێی لێکدانەوەکانی داندامایف ٣٧،٥٪ی کرێکاران و خزمەتگوزارانی ناو تەختی جەمشید ژن بون، هەروەها ٣٩،٨٪ی پیاو بون و ١٢،٧٪ی منداڵبون (Dandamayev, 1975, 73) بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ئامارە دەتوانین بڵێین ژنان پێکهاتەیەکی سەرەکی ناو گروپ و دەستە جیاجیاکانی ناوکوشکی هاخامەنشی بون.

زانیاری سەبارەت بە ژنانی هاخامەنشی۔ لەناو تابلێتەکان بەربڵاو نارێکن، بەڵام بەگشتی ئەوەی هەیە سەبارەت بە ژنان باس لەوە دەکەن ژنان خاوەن کارگەی گەورەو گروپی کارو زەویوزار و موڵکی فراوان بون لە ناوکارگەکانیش برێکی زۆر لە ژنان کاریانکردوە بەجۆرێك لە چەندین تابلێتدا باس لەوە دەکات، کە ژمارەی کرێکارانی ژن زیاتر لە پیاوان بوە هەتاوەکو سەرکار و سەرپەرشتیاری کارگەکانیش هەر ژن بون، موچەی ئەم کرێکار و پیشەوەرانەی ناو کارگەکان لەلایەن چەند ناوێکی جیاوازی ژنان دراون و بە مۆری تایبەتی خۆیان ئەم تابلێتانە مۆرکراون(الذکر، ١٣٩٦، ٣١) یەکێك لەو گروپانەی لەناو کۆشك کاریانکردوە تایبەت بوە بە ژنان گروپی (بشاب bašab) بوە، کە ناوی ئەم گروپە لە ٢٣ دەقدا هاتوە و واپێدەچێت ئەم گروپی ژنانە پیشەیان درومانی و ڕستن و چنین بوبێ(kawase, 1984,22). چونکە بەپێی لێکدانەوەی تابلێتەکانی ژنان لەناوکۆشك کاروباری شۆردن و خواردن و جلوبەرگ دورین و ڕستن و چنینیان پێ سپێردراوە، زۆری و کەمی موچەکانیشیان پەیوەست بو بە ساڵی خزمەت و کارامەیی و لێزانیان لە ئیشو کارەکانیاندا(کخ، ١٣٨٩، ٤١) بروسیوسیش پێیوایە گروپی(بشاب) لێزان و وریاو دەسترەنگین بون لە هونەری هەڵکۆڵیندا ئاماژە بەوەش دەکات سەرۆکی گروپەکە ژنێك بوە بەناوی (ارشاراپشابنا) بوە (Brosius,1996,181-182).

بەدەر لە ئاماژدان بە گروپی كاری ژنان، ناوی چوار ژن لە ژنانی كۆشكی شاهانەی هاخامەنشی هاتوە، كە بریتین لە (ئاتوسا – ئیرتشـــدونە – ئیردبەمە – ئاپئوكیش) هەریەك لەم ژنانە خاوەن دامەزراوەی ئابوری و زەویوزاری فراوان بون(كخ، ١٣٨٩، ٢٧٧)؛ (صــفاران و خیوەگی، ١٣٩٦ :٢٧)بۆ نمونە خاتو(ئیردەبەمەIRDABAMA)یەكێك لە دەوڵەمەندترینەكانی ســەردەم داریوشی یەكەم بوەگەشــتی بازرگانی زۆری ئەنجامداوە لە چەندین ناوچەی جیاجیای ســنوری قەڵەمڕەوی دەوڵەتی هاخامەنشیـ كارگەو مولكو زەویوزاری هەبوە لە نمونەیان هەرێمی پارس و ماد و بابل و میسرــو ســوریا (Mark,2020,4) هەروەها ئاتوســا یەكێكیترە لە بەناوبانگترین بەهێزترین ژنانی ناو كۆشــكی پاشــایی، كە لە ســەرچاوە یۆنانییەكانیش بو (اودوسن) ناوی هێنراوە (Henkelman, 2010, 31).

هەرچەندە لە دەوڵەتی هاخامەنشیدا سیستەمی خێزان پیاو سالاری بو پێچەوانەی دەوڵەتی ئیلام، بەڵام بەگشتی ژنان دەستێكی باڵایان هەبوە بەشێك لە ژنان خاوەن پلان و ستراتیجی خۆیان بون، ئاتوسا یەكێكە لە ژنانەی خاوەن بڕیاڕی خۆی بوەو بڕیارەكانیشیـ كاریگەریان لەسەر پرۆسەی سیاسی ناوكۆشكی هاخامەنشیـ هەبوە (عبدالرحمن و محمود، ٢٠٢٤، ٥٩٧)، ناوبراو گەورەترین كچی كۆرش(٥٥٩-٥٣٠پ.ز) و هاوسەری داریوش و دایكی خەشایارشا بوە (كخ، ١٣٨٥، ٢٧٧).

بەپێی ناوەڕۆكیان دەقە مێخییەكانی تەختی جەمشید بەسەر چەند گروپێكدا دابەشكراون هەر گروپێكیان تایبەت بە بوارێكی تایبەتە گروپی (j) تایبەتە بەدابینكردنی خۆراك بۆ كۆشكی پاشاد لەناو تابلێتەكانی تایبەت بەم گروپە ٢٠ تابلێت لە شێوەی فرمان لەلایەن كەسوكاری پاشاوە دەرچوە بۆ پێدانی خۆراك بە (ایرتشدونە Irtashduna)هاوسەری پاشا لە لە تابلێتەكانی ژمارە (PF,730-732)(Halloch,1969,221) هەروەها خاتو(ئیردبمە) تابلێنەكانی ژمارە (PF,540-735) (ibid,1969, 186.222)فرمانی پێدانی خۆراكیان دەركردوە، ئەم فرمانانە هاوشێوەی فرمانی پاشا كارپێكراوە لەناوكۆشكدا (مكنودی، ٢٢،١٣٩١).

سەبارەت بە نازناوی ژنانی ناوكۆشك سێ پێشناو هاتون، كە بریتین لە (ئیرتی-موتو-دوكشیش) لەم پێشناوانەدا هەردو واژەی ئیرتی (Irti) و دوكشیش(Dukšiš) ئاماژەن بۆ ژنانی شاهانەو خانەدانەكان و كەسوكاری پاشا هەروەها پێشناوی ئیرتی ئاماژەیە بۆ ژنانی كرێكارو ئاسایی ناوكۆمەڵگا (شمس الدین، ٦٧،١٣٩٣)، ناسناوێكیتر هەیە، هەرچەندە كەم بەرچاو كەوتوە لە تابلێتەكان تەنها دوجار لە سەردەمی ئەردەشێری یەكەم بەكارهێنراوە ئەویش (سا-اكالی، saekali) لە ڕاستیدا نازانرێ بە دیاریكراوی بۆ كێ بەكارهاتوە ئەم پێشناوە بۆ دایك یاخود خێزانی پاشایە(بروسیوس، ١٣٨١، ٣٥-٣٦)، ناسناوی (مورتو) لە نۆ تابلێتدا هاتوە هەر نۆ تابلێتەكە باس لە دیاری و پێدانی خۆراك وكەلوپەلی پێویست دەكەن بەو ژنانەی هەڵگری ئەو ناســناوەن ڕەگی (مورتو)ش دەگەڕێتەوە بۆ (موتو)ی ئیلامی، كە مانای دایك دەدات، هەروەها پێشناوی (ئیرتی) لە سێ تابلێتدا دەبینرێ یەكێك لەو تابلێتانە (pf5) باس لە پێدانی بڕێكی زۆر خوراك دەكات، كە بریتییە لە ٣٦٠ كوارت ئارد بۆ كچی پاشایە، كە خێزانی (ماردونیوس)(بروسیوس ١٣٨١، ٤٠)كوڕی گوبریاسە، كە یەكێك لە گەورەپیاوانی پارس بوە، ماردنیوس لەگەڵ یەكێك لەكچەكانی داریوش بەناوی (ئارتازوستر artazoster) هاوسەرگیریكردوە (مجیدی، ١٣٩٦، ٣٣) سەبارەت بە ناسناوی (دوكشیش)یش ناسناوێك بوە بە خوشكی پاشا و خێزانی بە پاشاش وتراوە و ئەم ناسناوە تەنها لەگەڵ ژنان وكچانی بنەماڵەی پاشا بەكاهێنراوە (بروسیوس، ١٣٨١، 39) ئەمە لە كاتێكدایە لەسەرچاوە یۆنانییە كلاسیكییەكان بەدەگمەن بەرچاودەكەوێ، كە كچان و ژنانی شاهانە بەناوی كەسی خۆیانەوە ناویانهێنرابێت لە هەمو حاڵەتێكدا ناوی ژنان بە هاوســەری پاشــا یاخود دایك و خوشــكی پاشــا هاتوە، بۆ خانەدانانی پارسیش و بەرپرسە باڵاكانیش بەهەمان شێوە (بروسیوس، ١٣٨٧، ٤١-٤٢).

سەرەڕای ئەو نازناو و پێشناوانەی بۆ ژنان دانراوە لەناو تابلێتەكات دەتوانین ژنانی خانەدان بە دو ئاماژەیتر بناسینەوە، كە بریتین لە وەرگرتنی ئەو كەلوپەلە بەنرخ و خۆراكە زۆرو زەوەندانەی پێیان بەخشراوە، لەگەڵ بەكارهێنانی ئەو مۆرانەی

پەیوەندیداربون بە کۆشکی شاهانەوە (الذکر، ١٣٩٤،٦٩) ژنانی بنەماڵەی پاشا بڕێکی زۆر خۆراکیان پێدراوە بەبەراورد بە ژنانی ئاسای بۆنمونە لە تابلێتی ژمارە (PF823) دو سەر مەڕی پێدراوە (Halloch,1969,239)کە پێدەچێت بۆ یەك مانگ بێت، ئەمە لە کاتێکدا بەگشتی ئەو ژنانەی لە کارگەکاندا کاریان دەکرد بۆ یەك مانگ تەنها ٥٠ کوارت جۆ یاخود دانەوێڵەیەکی تریان پێدەدرا بەکەمی گۆشت دراوە بە کرێکاران(الذکر، ١٣٩٤،٦٩) پێدانی گۆشت بە کرێکاران دەگمەن بوە تەنها بەچینێك لە کرێکارانی ناو کارگەکان دراوە بەناوی(ئێراشرا-Erashra)، کە پێدەچێ بەهرەمەندو سەرکارو خاوەن تایبەتمەندی زیاتربوبن لە ژنانیتری ناو کارگەکان زیاتر سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی کارگەکان یاخود گروپێك لە ژنانی کرێکاریان کردوە (همان، ٧٠)

یەکێك لەو ژنە شاهانەیانەی لە دەقە مێخییەکان زۆر ناوی هاتوە(ئایرتشدونە) لە دەقەکانی ژمارە (PF1793) و (FORT6764) ناوی هێنراوەو هێرۆدۆت ناوی ئەم شاژنەی بە ئارتیستونە هێناوە (صفای، ١٣٩٦ و ٧٩)، ئەم شاژنە لە سی تابلێتدا ناویهێنراوە (کاملی، ١٤٠٠، ١٣) ئەم دەقانە تایبەتن بە ئاژەڵداری و زەویوزار و موڵکداری بۆ ئایرتشدونە کچی داریوشی دوەم (Halloch,1969,52)، ناوبراو کچی کۆرشی گەورەو هاوسەری داریوش بوە بەڵگەنامەکان وا نیشانیانداوە خاوەنی چەندین کۆشك بوە ناوبراو پێشناوی (دوکسیس) بە ناوەکەیەوە لکێنراوە، کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی یەکێك بوە لە ژنانی بنەماڵەی پاشا (Cameron,1942,214) ئایرتشدونە وەك یەکێك لە دەوڵەمەندترینەکانی ناو کۆشك ناوی دەهێنرێت و مۆری تایبەتی ئەم شاژنە لەسەر ٣٨ نامەی تایبەت بە ئاڵوگۆڕی بازرگانی بەردەستە و دۆزراونەتەوە(عبدالرحمن و محمود، ٢٠٢٤، ١٢٩)جۆرج کامیرن بەشێك لەو دەقانەی بڵاوکردونەوە لە یەکێك لەو دەقانەدا وەهای خستۆتەڕو، کە داریوش فرمانیکردوە بە (ئاریائنە)ی خەزێنەدار، کە سەد سەررمەڕ بدرێت بە کچەکەی ئایرتشدونە(ibid,216)، لە بەرامبەردا (ئاریائنە) دەڵێ هەروەك ئەو جۆرەی پاشا فرمانیکردوە سەد سەر مەڕ بدەن بە خاتو ئایرتستونە (هینتس، ١٣٨٦، ٣٥٥) هەروەها لە نامەیەکیتردا، کە لە تابلێتی ژمارە (pf1795) تۆمارکراوە پاشا فرمانیداوە بۆ پێدانی ٢٠٠٠ کوارت شەراب بۆ دوکسیس ئایرتشدونە بروسیوس پێیوایە ئەم برەخۆراك و خواردنەوانە بۆ بەڕێوەچونی ڕێوڕەسمێکی تایبەت بوبن (بروسیوس، ١٣٨١، ٤٠). ماری کخ یش پێیوایە ژنان نەك تەنها لە ئاهەنگ و میوانیەکانی پاشادا بەشداریان کردوە بەڵکو ژنان خۆیان میوانداری و ئاهەنگەکانیان بەڕێوەبردوە ئەم توێژەرە پێیوایە وەرگرتنی ٢٠٠٠ کوارت بۆ میواندارکردن بوە لە دوهەزار میوان و مێژوی ئەم میوانداریەش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٥٠٣ پ.ز (١٣٧٧، ٢٧٤) بەپێی ئەوەی مێژوی وەرگرتنی ئەم برە خۆراکە لە مانگەکانی سەرەتای ساڵدایە پێدەچێت بۆ بەڕێوەچونی ئاهەنگی نەورۆزو سەری ساڵ بوبێت (بروسیوس، ١٣٨١، ١٣٠)، بەڵام توێژەرێکی تر ڕەتی دەکاتەوە ئەم برە خۆراکە بۆ بەڕێوەچونی ئاهەنگی سەری ساڵ بوبێ و لەم بارەیەوە دەڵێ ئەگەر بۆ بەڕێوەچونی ئاهەنگی سەری ساڵ بوبایە دەبو خۆراکەکە بەر لە هاتنی ساڵی تازە داوابکات نەك لە ساڵی تازەدا، ڕاشیدەگەیەنێ، کە ئەم برە خۆراکە بۆ خەرجی ساڵێکی تەواوی خاتو(ئایرتشدونە)بوە(Hemkelman,2010,32).

هەر سەبارەت بە (ئایرتشدونە)ی کچی داریوش لە دەقەکانی گروپی(T)، کە کۆمەڵێ نامەی کارگێرین، پێنج لەو دەقانەی لەسەر ئەو تابلێتانە تۆمارکراون پەیوەندیدارن بە خاتو (ئایرتشدونە) بۆ وەرگرتنی خۆراك، هەر پێنج دەقەکە ئاماژەبەوە دەکەن ئەو برە خۆراکانەی لەلایەن نوێنەرەکانی خۆیەوە لە کارگێری ناوەندی کۆشك وەرگرتوە(مکنودی، ١٣٩١، ٢٧-٢٨)، ئەم دەقانەش لە تابلێتەکانی ژمارە (pf 1788-1860-2067-2071)دا تۆمارکراون، جێگەی ئاماژە پێدانە ژنانی ناو کۆشك و خانەدانەکان هەرچەندە لەبەر پێگەکەیان نەیاندەتوانی لە ناو خەڵکی ئاسایی دەربکەون، بەڵام لەجێگەی خۆیانەوەی لە شاژنەوە تاکو ژن و کچی خانەدانەکان بازرگانی فراوانیان ئەنجامداوەو ئەم بازرگانیەشیان لە ڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە بەڕێوەبراون(عبدالرحمن و محمود، ٢٠٢٤، ٢٧-٢٨).

ئەم شـــاژنە خاوەن مۆری تایبەت بەخۆی بوە مۆری ناوبراو لەســـەر ٢٥ لە تابلێتی قورین ناسراوەتەوە، مۆرەکەی لەڕوی پێشـــەوەی تابلێتەکانداوە خۆی خاوەنداریەتی ئەو تابلێتانە بۆخودی خۆی دەگەڕێتەوە، گرنگی بەکارهێنانی ئەو مۆرانە ئەوکاتە دەردەکەوێ، کە لەناو ئەو تابلێتانەی، کە تایبەتن بە کاروباری کارگێری کۆشـــك بە ناونیشـــانی جێنشـــینی پاشـــا فرمـانیـدەرکردوە خۆراك و خواردنی بۆ گەشـــتە فەرمیەکـانی پـاشـــا دابینکردوە ئەم فرمـانـانە وەك فرمـانی پـاشـــا کاریانپێکراوە(مکنودی، ١٣٩١، ٥٩)، هەروەها چەند نامەی تری ناوبراو هەیە، کە پێدەچێت بۆ شـاری شـوشی ناردبن و نامەکانی بە مۆری تایبەتی خۆی مۆرکردوە، ژمارەی مۆری ناوبراو لە بەپێی ڕیزبەندی مۆرە دۆزراوەکانی ناو تەختی جەمشید ژمارە(PFS38)[٩]ی بۆدانراوە (Gartison,Roolandjones,2001,10) لە چەند تابلێتیتر ناو ئەم شـــاژنە دەبینرێت، کە خۆراك و شـــەراب لە ڕێگەی نوێنەرەکانیەوە لە خەزێنەی کۆشـــکی شـــاهانە وەرگرتوە، لە نمونەی ئەو تابلێتانە دەتوانین ئاماژە بە تابلێتەکانی ژمارە (PF 1835-1836)بکەین بەناوی ئەم شـــاژنەوە تۆمارکراون (Halloch,1969,504)، بەپێی لێکدانەوەی ناوەڕۆکی تابلێتەکان، ئەم شـــاژنە زۆر بەهێز بوەو دەســـەڵاتی زۆری هەبوە" تەنانەت هەندێ جار فرمانی لە جێگەی پاشا دەرکردوە، بۆنمونە لە تابلێتی ژمارە (pf1837) ئارتیستونە فرمانی بە کەسێك کردوە بەناوی(شلامانۆ)، کە ١٠٠٠ لیتر خواردنەوە بدرێت بە کەسێکیتر بەناوی (گاوشە) ئەم بڕە زۆرە خواردنەوە بێگومان بۆ کرێی ئەو کرێکارانە بوە کاریان بۆکردوە یاخود بۆ بەکارهێنانی ڕۆژانەی خۆی ئەو کەسـانە بوە لە دەوری خۆی بون(صـفاران و خیوەگی، ١٣٩٦، ٢٧-٢٨).

**ئیردبەمە**:یەکێکە لە ژنانی بنەماڵەی پاشایی خاوەن سامانێك بێشومارو کارگەو گێڵگەی فراوان بوە ئەوەی ئێمە سەبارەت بەو ژنە دەیزانین تەنها لەڕێگەی تابلێتەکانی تەختی جەمشـــیدەوەیە ناوی ئەم ژنە بە هیچ جۆرێك لەســـەرچاوە کۆنە یۆنانییەکاندا نەهاتوە توێژەرێك پێیوایە ئیردەبەمە دایکی داریوش بوە(Henkelmsn, 2010,29)، لە بەرامبەردا چەند توێژەرێکی تر پێیان وایە هاوســەری داریوش بوەو بەر لەگەیشـتنی بە تەختی پاشـای ناوبراو هاوسـەرگیری لەگەڵ ئیردبمە کردوە (Cameron,1984, 88)؛(هتنس، ١٣٩٢، ١٩٩)؛(کخ، ١٣٨٦، ١٨٨)، ئیردبەمە لە ٧٥ تابلێتدا ناوی هاتوە، کە لە هەمو ئەو تابلێتانەدا لەگەڵ موڵك و کارگە و زەوی و زارەکانی ناوی هاوپێچکراوە (کاملی، ١٤٠٠، ١٣)سەبارەت بەوەی (ئیردبمە)چ پیگەیەکی کارگێری هەبوە زانیاری بەردەســت نییە تەنها ئەوە زانراوە تابلێتەکان باس لە ســامانێکی بێشــوماری ئەو شـــاژنە دەکەن و مێژوی تابلێتەکانیش دەریدەخەن ناوبراو لەســـەردەمی داریوشی گەورەدا ژیاوە و ئەوەش زانراوە لەکەســـانی یەکەمی بنەماڵەی پاشـــا یە(اریدویچ و دیگران، ١٣٨٦، ٨٨)وەك ئاماژەمان پێدا ئەم خاتونە یەکێك بوە لەو ژنانەی کۆشـك،کە خاوەن زەوی و زارێکی زۆر کارگەی زۆر بوەو کارگەو زەویوزارەکانیشی_ تەنها لە سـنوری هەرێمی پارس قەتیس نەبون و لەناوچەکانی بابل و اکباتان و ســـوریا خاوەن موڵك بوە هەروەها ئەوەی لە تابلێتەکان ئاماژەی پێدەکرێ لە هەمو هەرێمەکـان لە ڕێگەی نوێنەرەکـانییەوە زەویوزارو موڵکەکـانی بەڕێوەبردوە(مجیـدی،١٣٩٦، ٨٧)، زۆرجـار بەڕێوەبردنی موڵکەکانی ئەم شـــاژنانە بە خواجەکانیان دەســـپێردرا، ئیردبمە یەکێکبوە لەو شـــاژنانەی بەشـــێکی زۆر لە کـاروبـارەکـانی بە خواجەی تـایبەتی خۆی ســـپـاردوە، کە خـاوەن مۆری تـایبەتی خۆی بوە، کە بەپێی ڕیزبەنـدی مۆرد دۆزراوەکانی تەختی جەمشـــید مۆری خواجە تایبەتەکەی ئیردبمە ژمارە (PFS93) بوە بەشـــێکی زۆر لە نامە کارگێڕیەکانی تایبەت بەم خاتونە ئەم مۆرە پشتڕاستکراونەتەوە(Henkelman.2008,132).

ســـەرەڕای ئەوەش ئیردبەمە خۆشی مۆری تایبەت بەخۆی هەبوەو لەهەمو ئەو تابلێتانە دراون تایبەت بون بە خۆی،کە مۆری ژمارە (PFS51)، کە بەیەکێك لەهەرە مۆرە گرنگەکانی تەختی جەمشـــید دادەنرێت ئەم مۆرە بەکارهێنانی لەســـەر ژمارەیەکی زۆر لە تابلێتەکانی گروپی(J)دەبینرێت، (ئیردبمە و ئایرتشـــدونە) تەنها کەســـانێکن لە نامەکانی ئەم گروپە، کە فرمانیان دەرکردوە لە شـــێوەی فرمانی پاشـــا یاخود لە شـــوێنی پاشـا، فرمانەکانیان زیاتر فرمانی کارگێڕین بە مۆر و فرمانی ئەوان بڕێکی زۆر خۆراك و کەلوپەلی پێویســـت بە کۆشـــك هاوردە و هەناردەکراوە دابەشـــکراوە بەســـەر بەشـــەکانیتری

ناوکۆشـك و ئامادەکردنی خۆراك بۆ گەشـتە شـاهانەییەکان(مکنودی، ١٣٩١، ٥١)،بۆنمونە لە تابلێتی ژمارە (pf1837) نوســینی ســەر ئەم تـابلێتە ئـامـاژە بە دابینکردنی بڕێکی زۆر خۆراك و خواردنەوە دەکات لەلایەن ئەم شـــاژنەوە (Hollock,1969,505) جێی ئـامـاژەیە هەریەك لە (ئـایـرتشـــدونە و ئـیردبـمە) لەســەر مـۆرەکـانـیـان هـیـچ نوسراونابینرێت،ئەڵبەت ئەمەش جێگەی سەرسوڕمان نییە لە کاتێکدا ڕێژەی مۆرە لەسەر نوسراوەکان لە کۆمەڵەی مۆرە دۆزراوەکانی تەختی جەمشید زۆر دەگمەنە (Gartison,Roolandjones,2001,12)

زیاتر لە ٢٠ تابلێت بەردەسـتن باس لە موڵکەکانی ناوبراو تەنها لە شـاری تیرازیس(شـیرازی ئەمڕۆ)دەکات، کە هی ئیردبمە بون باس لەوە کراوە ئەو زەوی و موڵکانە بەرهەمەکەیان ١١١٠٠ کوارت گەنم تا ٨٦٧٥٠ کوارت گەنم بوە، جگە لەوەی سێ کارگەی تری شـــەڕابی هەبوە، کە ٦٩٣٠ لیتر شـــەڕاب و بیرەی بەرهەم هێناوە لەم کارگانەدا ٢٠ تا ٤٨٠ کرێکار کاریـانکردوە (اریـدویـچ و دیگران، ١٣٨٦، ٨٨) ژمـارەی کرێکـارو بڕی بەرهەمی کـارگەکـانی ئیردەبەمە لە تـابلێتەکـانی (pf1109) و(Halloch,1969,322)، (NN0181-NN0194[10])دا تۆمـارکراون، کە تیـایـدا بڕی بەرهەمو ژمـارەی کرێکارانی کارگەکانی شـاری تیرازیس دەخاتەڕو(Henklman,2008,321). هەر لەبارەی شـەڕاب سـازیەوە هەردو تابلێتی ژمارە (PF-the 2562-8864)، هەروەهاتابلێتی ژمارە (pt36)باس لە ٢٠٠ کرێکار دەکەن لە کارگەکانی دروســتکردنی شـــەڕابدا کاریانکردوە لەو ژمارە ١١٢ کرێکاریان ژن و ١٣ کرێکار کچ بون (ارفعی، ١٣٨٧، ١٢٩و١٤٣)؛(مصـــطفوی، ١٣٨٣، ج٢، ١١٨٠)

ئیردبەمە خاوەن چەند گروپێك لە (هێزی کار)ی تایبەت بەخۆی بوە، کە تایبەت بون بە کرێکاری ژن یەکێك لەو گروپانە کە بە (ئەبەکەنەش)[11] ناسراوە ئەم دەســـتەواژەیە لە ١٠ تابلێتدا هاتوە لە چوار تابلێت لەکۆی ئەو دە تابلێتە ناوی ئیردبمەی لەگەڵ هاتوە ئەم تابلێتانە ئاماژەن بۆ هێزی کاری خاتو ئیردبمە، کە ژمارەیەك کرێکابون و زیاتر کچ و ژنن و کایان بۆخاتو ئیردبمە کردوە ئەم تابلێتانە باس لە دابەشـکردنی خۆراك بەسـەر کرێکاراندا دەکەن و بە مۆرەکانی ژمارە (pfs 36-78) تۆمارکراون، کە ئەم دو مۆرە هەردوکیان هی ژنێکن بەناوی (اوشـــتانە)کە بەڕێوبەری ژمێریاری ئیردبەمە بوە(الذکر، ١٣٩٦، 66)، ئەگەر یەکێك لەو تـابلێتـانە وەك نمونە بهێنینەوە دەتوانین ئـامـاژە بە تـابلێتی ژمـارە (pf84) بکەین لە تابلێتەکانی تەختی جەمشید، کە وردەکاریەکەی بەم جۆرەیە:

بڕێ ٥٢٨ کوارت[12] دانەوێڵە بەســەر کرێکارانی ئیردەبەمە لە کارگەی (ئەبەکەنەش)لەلایەن (اوشـتانە)دابەشـکرا بۆ کرێی مانگی شەشیان و بەم بەشە خۆراکە ژیانیان بەڕێدەکەن

١٠کوڕ هەریەکەیان ٣ کوارت

٢ کوڕ هەریەکەیان ٢,٥ کوارت

٣کوڕ هەریەکەیان ٢ کوارت

٣کوڕ هەریەکەیان ١,٥کوارت

١کوڕ ١ کوارت

١کوڕ ٠,٥کوارت

١٨ ژن هەریەکەیان ٢کوارت

١کچ ١,٥ کوارت

٣کچ هەریەکەیان ١ کوارت

١کچ ٠,٥ کوارت،

کۆی گشـتی ٤٣ کرێکار (Hallock,1969,244)، جێی باسـە لە بەشـێکی زۆر لەکارگەکانی ئیردبمە ڕێژەی ژنان زۆر زیاتر لە پیاو بوە و هیچ پیشــەیەك لەو کارگانەدا تایبەت نەبون بە ڕەگەزێکی دیاریکراو هەردو ڕەگەز لە دەرفەتی فێربوندا یەکســان

بون موچەی هەریەكێكیشـــیان پەیوەســـت بوە بە قورسی كارەكە یاخود هونەری لێزانی و پیشـــەگەری بە كارەكە، لەو كارگانەدا ژنان بە ئاســـانی توانیویانە بگەن بە پۆســـتی بەڕێوبەرو ســـەرپەرشـــتیاری كارگەكان و ژنان توانیویانە بەڕێوەبردنی كارگەری گەورە بە بگرنە ئەســـتۆ (اومســـتد،1340،٣٧١)؛(ازاد، ٥٥،١٣٦٦)،ســـەرەڕای پێدانی خۆراك و دانەوێڵە بە كرێكارانی تابلێتی ژمارە (pt006)[١٣] ئاماژە بەوە دەكات ئیردەبەمە دراوی زیوی داوە بەو كرێكارانەی لە كارگەو كێڵگەكانیدا كاریان بۆكردوە (كخ، ١٣٨٩، ٨٣-٨٤)بەشـێك لە توێژەران هۆكاری زۆری ژمارەی ژنان لە كارگەكاندا بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە، كە پیاوان زیاتر خەریكی خزمەتی ســـەربازی بون و ئەندامی ســـوپای دەوڵەت بون بۆیە بەشـــێكی زۆر لە ئەركە هونەری و تەكـنـیـكـیەكـانی بـواری بەڕێـوەبـردن لە دامەزراوە بـچـوكەكـان كەوتـبـوە ئەســـتـۆی ژنـان(ئـازاد، ٢٠٠٧، ٦١)؛(كوهســـتانی،١٣٧،١٣٨٦)؛(عنبرســـوز، ١٣٩٠، ١٤٤).تەنانەت تابلێتی ژمارە (pf903) باس لە كرێكارانی كارگەیەك دەكات، كە تەنها ١ پیاویان تێدا بوە باقی كرێكارەكانیتر هەمویان ژن بون (Hallock,1969,259)

گروپێكی تری كاركردنی ژنان، كە بە (تیكراش)tekrash هەبوە ئەو زانیاریانەی لە تابلێتەكان سەبارەت بەم گروپە دەزانرێ ئەوەیە لەسـاڵەكانی ١٦و١٧ ی پاشـایەتی داریوش كاریان كردوە و كارو چالاكی و حەق دەسـتی كرێكارانی ئەم گروپە لە سێ تابلێتدا تۆماركراون، كە بریتین لە (pf1109-nn0187-nn0196) ئەم گروپەش لەژێردەســـتی ئیردەبەمە كاریانكردوە (Henkelman,2006,321)، جێی باســـە چالاكییەكانی ئەم گروپە تەنها لەناو كۆشـكدا نەبون و بەڵكو لە جوگرافیایەكی زۆر فراوانتری سنوری قەڵەمڕەوی دەوڵەتی هاخامەنشی چالاكییەكانیان ئەنجامداوە ( صفای،١٣٩٤، ٨١).

لەناو دەقە مێخییەكانی تەختی جەمشید بە ژنێكی تر ئاشنا دەبین، كە كچی داریوشە بەناوی (ئارتەزوستر)كە لە تابلێتەكانی ژمارە (PF88-PF85)ناویهێنراوە (Halloch,1969,213) هەروەها لە تابلێتی (NN2533)شـــدا ناوی هێنراوە، كە باس لەوە دەكات ناوبراو ساڵی ٤٩٨پ.ز لەگەڵ گوبریاس، كە یەكێك گەورە پیاوانی پارس بوە گەشـتێكی دیبلۆماسـیان ئەنجام داوە، بەپێی دەقی ژمارە PF684 ژنێكی تریش لەم گەشـــتەدا هاوەڵیكردون بەناوی (ردوش نمویە Radus Namuya ) بۆ ئەم گەشـــتە بری ١٧٦ كوارت شـــەڕاب بۆ چوار ڕۆژی گەشـــتەكەیان دابینكراوە (Brusuis,1996,92)، هالك پێیوایە (ردوش نمویە) هەمان (اردوشـــنموی)ە، كە لە دەقی ژمارە (Fort1017)[١٤]دا ناوی هاتوەو لەم تابلێتەدا بڕی ٣٦٠ كوارت ئاردی بۆماوەی دو ڕۆژی گەشـــتێكی بۆ دابین كراوەو(Hallock,1978,110) لەلایەكی تر بروســـیوس پێیوایە ئەم ژنە خوشكی داریوشـەو پێدانی ئەو بڕە زۆرە لە خۆراك بۆ گەشـتێكی كورت گومان لەسـەر ئەوە ناهێڵێ، كە ئەم خاتونە سـەر بە بنەماڵەی شاهانە بوە(Brusuis,1996,92).

هەروەها لە تابلێتەكانی ژمارە (PF171-193) ناوی دو خاتون هاتوە بە ناوەكانی (شـــەزەنە و پی لكە) یەكەمیان ٤٠٠ كوارت و دوەمیان ٥٠٠ كوارتی دانەوێڵەوەرگرتوە فرمانی پێدانی ئەم خۆراكە بە مۆری شـاهانەو بری خۆراكەكە نیشـانەی پێگەی باڵای ناوبراوانە مێژوی تۆماركرنی ئەو بڕە خۆراكانە بەپێی تابلێتەكان گەڕێنراوەتەوە بۆ ســـاڵی ٢٢ هەمی پاشـــایەتی داریوش (الذكر، ١٣٩٦، 38-37).لە كۆی ناوی ئەو ژنانەی لەناو بەڵگەنامە نوسراوەكانی تەختی جەمشید، ئاماژە بەچەند ژنێكیتر دەكریت نازانرێ چ پەیوەندیەكیان بە خێزانی پاشـــاوە هەیە، بەڵام دەزانرێ ســـەر بە بنەماڵەی پاشـــان، چونكە ناسـناوی (دوكسـیس)یان پێوەلكێنراوە، لەگەڵیدا ئاماژە بۆ چالاكییە ئابوری و بازرگانییەكانیان و ئەو دیاری و بڕە خۆراكانە دەكرێت، كە بۆیان دابینكراوە، یەكێك لەوانە ژنێكە بەناوی (دوكســـیس ایشـــتین) كۆمەڵیك كەس لەرێگەی ئەم ژنەوە موچەیان پێدراوە و ئەم خاتونە هەڵگری مۆری تایبەت بەخۆی بوە، جگە لەم شـــاژنەش كۆمەڵێ ژنی تر ناویان هێنراوە ســـەر بە بنەماڵەی پاشـا نین لە خانەدانانی پارسـیش نین، كە پەیداكردنی شـوناس لە هەریەك لەم ژنانە كارێكی ئەسـتەمە (نمازی و تاك، ١٣٩٢، ١١٤-١١٥). دەقی ژمارە (pf0823) باس لە (ایشـتین) هەمان ناسـناوی شـاهانەی پێوە لكێنراوە هەرچەندە لەگەڵ ئەم خاتونە ناوی پیاوێك هاتوە، كە هاوەڵی كردوە لە گەشـــتەكانیدا بەناوی (بەگی)، كە پێدەچێت هاوسەری بوبێت، بەڵام دیسان نەزانراوە چ نزیكایەتیەكیان لەگەڵ پاشادا هەبوە (Henkelman, 2008, 406,4014).

هەروەها لە تابلێتی ژمارە (nn0812) باس لە ژنێك دەكات بە ناوی (ایرکپیرد)، كە پیشـناوی (دوكسـیس)ی لەگەڵدایە و یەكێكە لە ژنانی بنەماڵەی پاشایی، بەڵام ئەمیش بە دیاریكراوی تا ئێستا نەزانراوە كێیە.

هەروەها تابلێتی ژمارە (pf784) ناوی ژنێك هەیە بە ناوی (پندوشاشا Pandušašša) وەك ژنێكی خانەدان ناوی دەهێنرێ و ناوبراو خاوەن مۆری تایبەت بەخۆی بوە، كە ژمارە (PFS1300)هـ لە ڕیزبەندی ئەو مۆرانەی لە تەختی جەمشـــیددا دۆزراونەوە (Garrison,rootand jones ,2001 ,283).

بەگشتی بەڵگەنامەكانی تەختی جەمشید كاتێك باس لەو خەرجییە بێشومارانە دەكەن، كە هەر شاژنێك پێویستی پێبوە لەگەڵیشدا ئاماژەی فراوان بەوەش دەكەن، كە تەنها بۆ خەرجییەكانیان پشتیان بە داهاتی دەوڵەتی ئەو دیاری و موچانە نەبەستوە، كە لەلایەن دەوڵەتو پاشاوە بۆیان دابینكراوە بەڵكو خۆیان خاوەنكاری خۆیان بون و داهاتی كارەكەیان هێندە زۆر بوە جگە لەوەی توانیویان خەرجییەكانی خۆیانی زۆر بەزیادەوە پێدابین بكەن، لەگەڵیشدا توانیویانە موچەی تەواوی ئەو دەستەو تاقمەو كەسانە بدەن، كە وەك خزمەتكار لە دەورەیان كاریان كردوە(هرتسفلد، ١٣٨١: ٥٥)؛ (صفاران و خیوەگی، ١٣٩٦ :٢٩).بە گشتی بەهۆی ئەو بازرگانییە فراوانەی ژنانی كۆشكی شاهانە ئەنجامیانداوە بونە خاوەن سەرمایەكی زۆرو ئەمەش هۆكاربوە تا ببە خاوەن كۆشكی ڕازاوەو باخی تەڕو پاراو، لەگەڵیشیدا هەندێجار نێچیرگای تایبەت بەخۆیان هەبوە لە ماڵەكانی خۆشیاندا خاوەن كەلوپەل و كانزای گرانبەهاو بەنرخ و دەگمەن بون(ئازاد،٢٠٠٧، ٦٢).

## ٢.ژنانی دەرەوەی كۆشك

پشت بەست بەسەرچاوە نوسراوە جێماوەكانی سەردەمی دەوڵەتی هاخامەنشی. كۆمەڵێ زانیاری سنوردارمان سەبارەت بە ژیان و بارودۆخی ژنانی دەرەوەی كۆشـكی هاخامەنشی. بەردەسـتە،ڕەسـەنترینیان بۆ تێگەیشـتن لە بارودۆخ و پێگەی ژنانی ئاسـای لە ناو دەوڵەتی هاخامەنشیـ ئەو تابلێتە دۆزاوانەی تەختی جەمشـیدن، كە لە نیوەی یەكەمی سـەدەی بیسـتەم دۆزرانەوەو دواتر خوێنرانەوە، دەتوانین لە ڕێگەی ئەو تابلێتانەوە ئاگایمان سـەبارەت بەژنانی هاخامەنشیـ و كاروچالاكی و بەشـداریكردنیان لە بۆنە جۆربەجۆرەكانەوە بۆ ڕونبێتەوە، ئەم تابلێتانە بڕێكی زۆر زانیاری پێویسـتیان سـەبارت بە ژنان تێدایەو بە سـەرنجدان لەو تابلێتانە بۆمان دەردەكەوێ ژمارەیەكی زۆر كرێكارو سـەركارو پیشـەوەرو هونەرمەندی كچ و ژن لە كارگە و كایە جۆربەجۆرەكاندا كاریان كردوە.

سـەبارەت بەوەی ئەم كرێكانە سـەر بە كام گەل و میلەتەنانی ژێرقەڵەمڕەوی حكومەتی هەخانەمشیـ بون لەناو توێژەران مشتومڕی ناوەتەوە لەم بارەیەوە پی یر بریان پێیوایە ئەندانامان و بنەماڵەی پاشایانی هاخامەنشی. لە سەرانسەری وڵاتدا كرێكار و خزمەتكاری تایبەت بەخۆیان هەبوە(بریان،١٣٧٩،ج١، ٧٢٠)، كە ناســـاوی (كورتاش یاخود گردا)یان بۆ بەكارهێناون (Halloch,1969,249-250) ئەم چینە بەگشـــتی پێكدەهاتن لە هەمو گەلانی ژێرقەڵەم ڕەوی حكومەتی هەخامنشیـ (بجدنی و جمالی، ١٤٠٠، ٧٥) ئەمە جگە لەوەی بەشـێك لەو كرێكارانە پێكهاتبون لەو دیلانەی، كە لە كاتی جەنگەكاندا كەوتبونە دەسـتی سـوپای هاخامەنشیـ كاریان بۆ خاوەنەكانیان دەكرد(بهرامی، ١٣٩٩، ٣٢٩) ئەم گروپە لە ژنـانی ئـاســـایی كاروبـاری جۆراوجۆریـان ئەنجـامـداوە لە دیـارترینیـان بریتی بوە خزمەتكاریكردنی ژنـانی كۆشـــك و شاژن(ارفعی،١٣٨٧، ٤٤).

لەناو تابلێتەكان ئاماژە بۆ كۆمەڵێك ژن كراوە بە ناونیشـانی(ئەراشرا) هاڵك پێیوایە ئەم ناسـناوە ئاماژەیە بۆ كۆمەڵە ژنێك، كە ژنانی ئاسایی بون، بەڵام هونەرمەند و لێزان و سەرپەرشتیار بون، هەروەها ناسناوێكی تر هەیە بەناوی (كواسە)لەسەر تـابـلـێـتـەكـانی(pf865-866)تـۆمـاركـراوە، ئەمـانە ژنـانـێـكـن ٥٠ كـوارت دانەوێـڵەیـان پـێـدراوە لەلایەن (ئەراشرا)وە(Halloch,1969,249-250)، ئەراشرە ژنانێك بون خانەدان و ســەر بە بنەماڵەی پاشـــا نەبون"، بەڵام دەسـەڵاتێكی زۆر و موچەی زۆریان هەبوە خۆراكی تایبەتیشـیان پێدراوە، كە بە كرێكارێكی ئاسـای ناو كارگەكان نەدراوە، بۆ نمونە هەر ئەشرارێك ٣٠ كوارت شـــەڕابی بۆ دابینكراوە بۆ هەر مانگێك (الذكر، ١٣٩٦، 70)، هەروەها لە تابلێتی ژمارە

(pf1790) ئاماژە بە پێنج (ئەراشرە) دەکات، کە ١٩ سەرمەڕ و حەوت بەشە خۆراکیان بۆ ماوەی ١٩ مانگ پێدراوە، کە بۆ هەر ساڵێك ٤ سەرمەڕ دەکات (Halloch,1969,487).

هەروەها هەردو تابلێتی ژمارە (pf1219-1153) ئاماژە بە کۆمەڵیك لە ژنانی ئاسایی و کرێکار(کرتاش) دەکات لەگەڵ کرێکاری پیاو، کە موچەیی ژنەکان یەکسان یاخود زیاترە لە پیاوان لە کارگەکاندا، کە ئەم زیاتر و کەمتر بونەش لە موچەکان پەیوەستە بە جۆری ئیشەکەوە، ڕەگەزنەکراوەتە پێوەر بۆ کەم و زۆری کرێ و موچەی کرێکاران (Henklman,2003,318)، لەم دەوڵەتەدا ژن و پیاو شان بەشانی یەکتر کاریان کردوە زۆرجار کاروباری ژنان قورستر بوە لە هی پیاوان،ژنان زیاتر کاری هونەری وردیان ئەنجامداوە، کۆمەڵێك بەڵگەنامەی مێژوی دیکە دەریدەخەن ژنان لە دروستکردنی کۆشك و تەلارەکانیشدا بەشداریان پێکراوەو بەدیاریکراویش ڕازاندنەوەی کۆشکەکانیان پێسپێردراوە (عبدالرحمن و محمود، ٢٠٢٤، ١٢٧)، لە ناو یاساکانی هاخامەنشی هیچ یاسایەکی تایبەت بەرچاو ناکەوێت ڕێگە بە ژنان نەدات و ڕێگەی کارکردنی لێبگرێت (stolper, 1985: 62).

هەر سەبارەت بەو تابلێتانەی باس لە ژنانی ئاسایی دەکەن، چەند تابلێتێك بەردەستن باسی مافی دارایی ژنان کارکەر دەکەن، ئەم بەڵگەنامانە باس لەو ژنانە دەکەن، کە تازە منالیان بوە،وەك دیاری برێك ئارد و بیرە و شەڕابیان وەرگرتوە، بەجۆرێك دایکەکە ئەگەر منالەکەی کوربوایە دو بەرامبەر زیاتریشی لەو کەلوپەلانە وەردەگرت بەرامبەر ئەو دایکانەی منالی کچیان بوە (Hallock-1969 :37). ئەم کەلوپەلو خۆراکانە وەك دیاری بە دایکان بەخشراون و ئەم جۆرە پاداشتانە لە تابلێتەکانی ژمارە (pf1200-1237-2048)دا تۆمارکراون (kawase,1984,21)، ئەو برە خۆراکەی بەو دایکانەدراوە، کە تازە منالیانبوە بە (کامکاش Kamkaš) لە دەقەکانی PF 1533-1575-1577دا تۆمارکراون (صفایی، ١٣٩٤، ٨٣)، ژنانی کرێکار لەکاتی دوگیانیدا کۆمەڵێ یاسایی تایبەت دەیگرتەوە بۆنمونە لەکاتی لەدایك بونی منالەکەی ئەگەر دایکەکە کارمەند بوایە، پێنج مانگ مۆڵەتی دایکایەتی پێدەدرا لەگەڵ ئەوەی کاری نەکردوە ئەو ماوەیە، بەڵام بەشە خۆراك و موچەکەی پێدراوە، سەرەڕای ئەوەش دیاری تایبەتی پێدراوە لەلایەن دەوڵەتەوە (حجازی، ١٣٨٥،٧٥-٧٦) ئەو دیاریانەی بە ژنان دراون لەکاتی منال بوندا تەنها تایبەت نەبوە بەژنانی ناو کۆشك یاخود ژنانی هەرێمی پارس بەڵکو واپێدەچێت ژنانی هەمو هەرێمەکانی سەر بەقەڵەمڕەوی دەوڵەتی هاخامەنشی.گرتبێتەوە بەڵگەشمان بۆ ئەم تێڕوانینە تابلێتەکانی ژمارە (pf1224-pf1215) یە، کە ئاماژە بە ١٣ ژنی خەڵکی تراکیا لە ئاسیای بچوك دەکات، کە ئەم دیاریانەیان پێبەخشراوە لەکاتی منال بونیاندا(Hallock,1369:347-349) عبدالمجید ارفعی پێیوایە بەخشینی دیاری لەلان دەوڵەتەوە بۆ ئەو ژنانەی منالیان دەبێت نیشانەیە بۆ ئەوەی کە سیستەمی کارگێڕی هاخامەنشییەکان پێویستی بەدەستی کاری زیاتر بوە (ارفعی، ١٣٨٧، ٤٧)ئەم یارمەتی و دیاریانە هەم هاندەربو بۆ ژنان تا منال بخەنەوە هەمیش هۆکارێك بوبۆ دایکەکە تا منالێکی تەندروستی ببێت(بریان، ١٣٧٩، ج١، ٩٠٧-٩٠٨)، تابلێتەکانی ژمارە (pf teh 2561-8960) ئاماژە بە پێدانی برێکی زۆر لە شەڕاب بە ٣٤ ژن، کە منالی کوڕ و ٣٣ ژنیش، کە منالی کچیان بوە، بروسیوس پێیوایە ئەم برە شەڕابە جگەلە دیاری بۆدایکانێك، کە تازە منالیان بوە هچیتر نییە (بروسیوس، ١٣٨١، ٢١٨)هەروەها مێژونوسێکی تری یۆنانی ئەم بابەتە پشت ڕاستتر دەکاتەوە کاتێك دەڵێ (پاشایانی هاخامەنشی. ساڵانە دیاریان دەنارد بۆ ئەو ژنانەی منالیان دەبو )(Strabo, XV,3-17)، لەکاتی گەشتەکانیان بۆ هەرێمەکان پاشایان یەك سکەیان بە دیاری دەبەخشی بەو ژنانەی دوگیانن (صفای، ١٣٩٤، ٥) ئەم جۆرە دیاریە لە دەقە مێخییەکانی ناو تەختی جەمشید بە (دیاری تایبەت) ناسراون لە سێ تابلێتدا، کە بریتین لە تابلێتەکانی ژمارە (pf1533-pf1575-pf1577)، نۆ جار و لە حەوت تابلێت، کە بریتین لە تابلێتەکانی (pf1212-pf1217-pf1228-pf1235-pf1943-pf1944-fort1957)باس لەو دیاریە کراوە،کە تایبەت بون بە ژنانی دوگیان (Halloch,1969,707)، جێی ئاماژەیە ئەوژنانەی تازە منالیان بوەو لەکاتی گەڕانەوەیان بۆسەرکارەکانیان مافی ئەوەیان پێدراوە تەنها نیو ڕۆژ کاربکەن (حجازی، ١٣٨٥،٧٦) هەرچەندە موچەی ئەو دایکانە کەمتر

بوە، کە بەهۆی منداڵەکانیانەوە نیو ڕۆژ کاریان کردوە، بەڵام توانیوەتی لەکاتی کارکردنیشـــدا لە لای خۆی چاودێری منداڵەکەی بکات (کخ، ١٣٨٩، ١٨٥-١٨٦)

بە گشـــتی ئەو دیاری و خۆراکانەی بەکرێکاران و ژنانی ئاســـایی دراون شـــەڕاب و دانەوێڵە بوە وەك ئاماژەمان پێکرد بڕی موچە و بەشـــە خۆراکەکەش دەگەڕایەوە بۆ ڕادەی لێزانی و پۆســـتی کرێکارەکان لە بەڕێوەبردندا، پێدانی گۆشـــت بە ژنان بەتێکی شـاز بوە لەناو ژنانی ئاسـاییدا تەنها ئەو ژنانە گۆشـتیان وەرگرتوە، کە (ئەراشرە-سـەرپەرشـتیار) بون، کە هەڵگری کۆمەڵێك تایبەتمەندی و بەهرەی جیاوازتر بون لە کرێکارە ژنە ئاساییەکان(الذکر، ١٣٩٦، 70).

گروپێك، کە زۆربەی کرێکارو پیشـــەوەرو وەســـتاکانی لە ژنان پێکهاتبون .بریتییە لە گروپی (کرێکارانی هرینۆپ) ئەم گروپە سـەر بە کارگەیەکی ڕسـتن و چنین بوە بەناوی (پەشـەب) ژنان پێکهێنەری سـەرەکی و هەڵسـوڕێنەرەی هەرە دیاری ئەم کارگەیە بون (kwasa,1984,19)، ئەم گروپی کارە تایبەت بوە بەو ژنانەی جوتیار بون و لە کێڵگەدا کاریان کردوە، گروپی کاری پەشەب گروپێك بون زیاتر لەناو کۆشکی شاهانە کاریانکردوە گروپێکی هونەری بون و پێداویستیەکانی خانەدانانی ناو کۆشکیان پڕکردۆتەوە لەکاتێکدا گروپی (هرینۆپ) گروپێك کرێکاربون لەدەرەوەی کۆشك کایان کردوە (ویسهوفر، ١٣٨٣، ١١٥) زیاتر لە ٤٣ تابلێت بەردەستە باس لە کارو چالاکی و کرێو موچەی کرێکارە ژنەکانی ئەم کارگەیان کردوە، ئەم کارگەیە بە دو تایبەتمەندی لە کارگەکانی تری سەردەمی دەوڵەتی هاخامەنشی جیادەکرێتەوە، کە بریتین لە: <u>یەکەم</u> زۆربەی کرێکانی ئەم گروپە ژن بون زۆر بەکەمی ناوی پیاو لەو تابلێتانە دەبینرێت، کە پەیوەســـتن بە تۆمارکردنی چالاکییەکانی ئەم کارگەیە، <u>دوەم:</u> لەناو ئەم گروپە منداڵیش کاریان کردوە واپێدەچێت بەجیا لە کارگەکەدا کاریانکردبێت بەگشتی ڕێژەی ٣٠٪ کرێکاران منداڵ بون (الذکر، ١٣٩٦، ٧٢-٧٣).

ئەو ژنانەی لەناو کۆشـك یاخود کارگەکان کاریان دەکرد بەگشـتی پیاوەکان و منداڵەکانیش هەر لەمان شـوێن کاریانکردوە، وەها هەڵکەوتبو ئەگەر دایکێك لە شـــوێنێك دەســـتی دەدایە کارکردن دوای بەدەســـت هێنانی متمانە و دڵنیایی لە ناو کارگەکان یاخود کۆشـــکی پاشـــایی کۆی خێزانەکەی لەدوای خۆی دەهێنا بۆ هەمان شـــوێن(کخ، ١٣٨٩، ٤٠) ڕێژەی بەشـــداریکردنی منالانیش دەتوانین لە تابلێتی ژمارە(pf1054) زیاتر هەســـت پێبکەین (خسرـــوی،١٣٨٩، ١٥٢)، تابلێتێکیتری تایبەت بەم گروپە .بریتییە لە تابلێتی ژمارە (pf918)، کە باس لە پێدانی کرێیکرێکارانی ئەم گروپی دەکات بۆ ١٦ کرێکاری گروپەکە بۆماوەی سێ بۆ چوار مانگ (بروســـیوس، ١٣٨١، ٢١٩-٢٢٠)، هەروەها تابلێتی ژمارە (pf870) بـاس لەوە دەکـات کرێکـارانی گروپی کـاری هرینوپ لانیکەم ٣٠ کوارت دانەوێڵەیـان بۆ هەر مـانگێـك وەرگرتوە (Halloch,1969,251)، هەروەها لە تابلێتێکیتری تایبەت بەم گروپە باس لە پێدانی ١٧٢٠ کوارت شـــەڕاب و ٦٠٠ کوارت جۆ دراوە بە کرێکاران، بەڵام نـازانرێ ئەم بڕەخۆراکە کرێی چەنـد مـانگی کرێکاران بوە (Ibid,1969,286)، جێی سـەرنجە هەر لەو تابلێتانەی پەیوەسـتن بە ماف و شـایسـتەی کرێکاران، ژمێریاری یەکێك لە کارگەکان باس لەوە دەکات، کە ژنە کرێکارەکان دو مـانگە هیچ موچەیەکیـان وەرنەگرتوە ئەم دەقەش لە تـابلێتی ژمـارە (pf11960) دا تۆمـارکراوە (مکنودی، ١٣٩١، ٣٣).

بەرگدوری و ڕستن و چنین یەکێك لە پیشە باوەکانی ژنانی ئاسایی بوە بەشێکی زۆری ئەو ژنانەی پیشەگەربون لەم بوارەدا و لە کارگەکانی ڕستن و چنین کریانکردوە، لەناو کۆشکی شاهانەشدا ڕستن و چنین ئەنجام دەدا لە تابلێتێك، کە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ســـاڵی ٤٩٤پ.ز زانیاری ســـەرنج ڕاکێش ســـەبارەت بەم پیشـــەیە دەخاتەڕو، کە تیایدا ئاماژە بە ٤٥ ژن دەکات، کە لە بواری جوانکاری و ئارایشـــدا کاریان کردوە و ئاماژە بە ٥١ ژنیتر دەکات لە کاری هونەری وردی دەســـتی و ڕســـتنو چنینیان ئەنجامداوە لەناو کۆشـــدا مـانگانە هەر ژنێـك ٤٠ کوارت جۆیـان وەرگرتوە لەلایەن کەســـێکەوە ســـەرپەرشـتیکراون بە بەناوی (مثیشـتکا)کە بە فارسی کۆن مانای (ژنی باڵا)دێت(هینتس،١٣٨٤، ٣٥٣-٣٥٤) چنین و ڕســـتنی پارچەقوماشی ئاوریشـــمی یە کێك لە بەرهەمە پیشـــەســـازیە ناوازەکانی ناو کارگەکانی ڕســـتن و چنینی دەوڵەتی

هاخامەنشی_ بوە (فیوضـات،١٣٦٤، ٤)لەناو ئەم پیشـەوەرانە ڕوبەڕوی ناوی هەندێك پیاو دەبینەوە، کە لەگەڵ ژنان بەرگدور بون و هەندێکجار جلوبەرگی پاشـایان دوریوە (کخ، ١٣٧٧، ٢٤٤)، ئەم پیشـە هێندە خواسـتی لەسـەر بوە نەك تەنها ژنانی ئاسـایی، کە وەك سـەرچاوەی بژێوی لەم بوارەدا کاریان دەکرد تەنانەت شـاژنێکی وەك (ئەمیسـتریس)ی خێزانی خەشایارشاش چنین و ڕستنی ئەنجامداوە و هێرۆدۆت ئاماژە بەوە دەکات ئەم شاژنە کراسێکی ئاوریشمی ڕەنگاڵەی چنی و پیشکەشی خەشایارشای هاوسەری کرد (Herodutes,9,109).

جگە لە ڕستن و چنین لەناو تابلێتەکاندا ژنان کاروباری وردی هونەریان ئەنجامداوە، کە بیتیبون لە زێڕنگری و مسگەری و زریێ سـازی و چنینی فەرش و مافوری جۆراوجۆر هەروەها هەر لەناو تابلێتەکان ئاماژە بە ژنانی سـەماکەر مۆسـیقاژەن و گۆرانیێژ دەکرێت، هەریەك لەو ژنانە سـەر بە گروپی جیاواز بون، لە ناو ئەم ژنانەدا وەك نمونە دەتوانین ئاماژە بە کچێك بکەین، کە لە دەقەکاندا وەك سەماکەرە دڵخوازەکەی ئەردەشێری دوەم ناوی هاتوە بەناوی (زەنزن zenon)، کە خەڵکی دورگەی کریتی یۆنان بوە(بریان ١٣٧٩،ج١، ١٣١-١٣٨)،

لە تابلێتی ژمارە (pt72) ئاماژە بە ٧٢ کەس کراوە، کە زێڕنگریان کردوە، لەو ژمارەیە ٤٠ کەسیان ژن و کچن، لەبەرئەوەی کاری زێڕنگری پیشـەیەکی هونەری وردە پێدەچێت ژنان ڕۆڵی زۆریان گێڕابێ لەو بوارەدا، هاخامەنشـییەکان لە هونەری زێڕنگری تەواو لێزان بون و یەکێك لە پیشـە هونەرییە باوەکانی ئەو ڕۆژگارە بوە (کرتیس، ١٣٩٢، ٢٩٤)؛(عکاشة،٢٠١٢، ١٤٤)لەم بارەیەوە مێژونوسـێك ئاماژە بەوە دەکات، کە دەسـتبەندی زێڕین یەکێك لە دیاریە بەنرخ و گرانبەهاکان بو، کە لەناو پارسـەکاندا بە دیاری دەیانبەخشـیە یەکتر (Xenorpon, Book I,27-2). هەروەها هێرۆدۆت سـەبارەت بە پاسەوانانی تایبەتی کۆشك و پاشا ئاماژە بەوە دەکات، کە زێڕێکی زۆریان بۆ جوانکاری بەخۆداکردوە (7, 83).

سـەبارەت بە مسگەریش لە تابلێتەکانی ژمارە (pf49-54)باس لە ٦١ مسگەر دەکات لەناویاندا ١١ژن و ٩ کچ ئاماژەیان پێکراوە، کە خەریکی کاری مسـگەری بون (مصـطوفی، ١٣٨٣، ج٢، ١١٩٠-١١٩٤) سـەبارەت بەوەی لە مس چیان دروستکردوەو بۆچی بەکارهێنراوە زانیارییەکی ئەتۆ بەردەست نییە، بەڵام ئەوەزانراوە بۆ جوانکاری بەکارهێنراوەو وەك زێڕ لەلایەن چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا بۆ خۆڕازاندنەوە بەخۆداکراوە(کرتیس، ١٣٩٢، ٢٨٨).

لەبارەی زریێ سازیش هەرچەندە ئەو پیشەیە لە بنەڕەتدا ئیشی. پیاوانە، بەڵام جێی سەرسوڕمانە لەکارگەکانی زرێسازیشدا ژمارەیەکی زۆر ژنـان دەبینرێن، کە پێـدەچێـت دوای تەواو بونی زرێکە کاروبـاری جوانکاری و ڕازانـدنەوەی زرێکەیـان پێسـپێردرابێ، لەمبارەیە دەتوانین ئـاماژە بۆ تـابلێتی ژمـارە (pt ٥٢) بکەین، کە لە کارگەیەکی زێسـازی، کە ٥٥ کەس کاریتێدادەکات ٢٥ کارمەندی ژن ئاماژەی پێکراوە (بجدنی و جمالی، ١٤٠٠، ٨٤)

شـوانی یەکێکیتر بوە لەو کارانەی لەلایەن ژنانەوە ئەنجامدراوە لەمبارەیە هەردو تابلێتی ژمارە (PT 50-61) ئاماژە ١٢٦ ژن ١٠٠ کچ دەکات، کە شـوان بون و ئاژەڵداریان کردوە کرێو موچەی ئەم پیشـەیە بەبەراورد بە کرێکاری ناو کارگەکان زیاتر بوە (مصـطفوی، ١٣٨٣، ج٢، ١١٩٢-١١٩٦) ئەم ژنانە شـوانیان بۆ ئەو مێگەلانە کردوە، کە خاوەندارێەتیان دەگەڕایەوە بۆ خانەدان و ئەندامانی بنەماڵەی پاشا (بریان، ١٣٧٩، ج١، ٩٧١).

زۆرێك لەو کارگانە یاخود ئەو ژورانەی کاری هونەری ورد ئەنجامدراوە زیاتر کرێکاران ژن بون، لەم بارەیەوە ماری کخ ئاماژە بە چەند تابلێتێك دەکات، کە مێژوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سـاڵی ٤٩٤پ.ز و سـاڵانی دواتر، لە چەند ژورێك یاخود کارگەیەك ئاماژە پێدەکات لە ڕێژەی ئەو ژنانەی ئیشـیان لەم ژورە هونەریانەدا کردوە نێوان ٥٧ تا ١١٣ ژن بوە، هەریەك لەم گروپانە ناوی ڕێژەیەکی زۆر کەمی پیاوان هاتوە بۆ نمونە لە هەریەك لە گروپەیان دو تا سێ پیاو ئەم بەشـە خۆراکەی ئەم ژنانە وەریانگرتوە ٥٠ کوارت دانەوێڵە بوە بۆ مانگێك، کە ئەم ڕێژەیە زیاترە لە کرێکارێکی ئاسـایی و هەمو ئەو کارگانەش لەلایەن ژنانەوە سەرپەرشتی کراونو بەڕێوەبراون (کخ، ١٣٨٩،٤١)

ئەوەی جێی سەرسوڕمانە بەپێی ئەو زانیاری و داتایانەی بەردەستن سەبارەت بە ژنانی هەخامنشی. ئەوەیە، کە تەنانەت تابلێتەگڵینییەکان بەدەستی ژنان دروستکراون لە دوای لەسەر نوسینیشیان دوبارە هەر ژنان کاری پۆڵیشکاری و سافکاریان بۆ ئەنجامداونەوە و ڕێکخراون (اباد، ١٣٩١، ٤٠).

## ئەنجام:

**لە کۆتایی توێژینەوەکەمان و لە ئەنجامی خوێندنەوەی چەندین سەرچاوەی دێرین و هاوچەرخ سەبارەت بە ژنانی هاخامەنشی گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:**

١.تابلێتە دۆزراوەکانی تەختی جەمشید داتا و زانیاری زۆر دەگمەن دەخەنە بەدەستمان، کە لە ڕێگەیانەوە دەتوانین لە دۆخی هەمەلایەنەی ژنانی هاخامەنشی تێبگەین.

٢.سەرەڕای باسی دژیەك و تێڕوانینی جیا بەشێك لە زانیارییەکانی ناو تابلێتەکان یەکدەگرنەوە و هاوتان لەگەڵ ئەو ڕاپۆرتانەی مێژونوسانی یۆنانی سەبارەت بە ژنانی هاخامەنشی نوسیویانە.

٣. بە سەرنجدان و خوێندنەوەی تابلێتە دۆزراوەکانی تەختی جەمشید، تێدەگەین تێڕوانینی نەرێنی مێژونوسانی یۆنانی کۆن سەیرکرنی ژنانی هاخامەنشی. بەچاوێکی دوژمنکارانە لەو ململانێ سیاسیانەوە سەرچاوەی گرتوە لە نێوان یۆنانییەکان و هاخامەنشییەکاندا هەبوە.

٤.ئەوەی لە تابلێتەکاندا دەستمان کەوتوە سەبارەت بە ژنانی هاخامەنشی- ئەوەیە، کە ژنان شانبەشانی پیاوان کاری هەمەجۆر و وەبەرهێنانی فراوانیان کردوە و خاوەنی گروپی کارو کارگەو زەوی و زاری تایبەت بەخۆیان بون و ژنانی کۆشك خاوەن موڵك و زەویوزاری فراوان بون، لە ڕێگەی نوێنەرەکانیانەوە موڵکەکانیان بەڕێوە بردوە، ژنانی بنەماڵەی شاهانە ناسناوی تایبەت بەخۆیان هەبوەو ئەو بەشەخۆراکەی لە کارگێڕی ناوەندی کۆشکی پاشاوە بۆیان دابینکراوە ئێجگار زۆر بوە بەبەراورد بەو بەشەخۆراك و موچانەی بۆ ژنێکی ئاسایی دابینکراوە.

٥. ژنانی کۆشك زۆرجار فرمانیان دەرکردوە و ئەم فرمانە وەك فرمانی پاشا کارپێکراوە ئەمەش ئاماژەیەکی گرنگە بۆ نیشادانی هێزی سیاسی ژنانی کۆشکی شاهانەو دەسترۆیشتنیان.

٦. ژنانی دەرەوەی کۆشك کاروباری هەمجۆریان ئەنجامداوە لەنمونەی باوترین ئەوکارانە بریتیبون لە ڕستنوچنین و هەر کاروبارێکی تری هونەری ورد لە کۆشك و کارگەکاندا بە ژنان سپێردراوە لەبەرامبەر کارەکانیان بەپێی لێزانی و قورس کارەکە موچەکانیشیان بەرزیونزمی پێکراوە لەبەرامبەر هەر کارێکیش، کە ئەنجامیان داوە پاداشت و بەشەخۆراکیان وەرگرتوە و ماف و شایستە داراییەکانیان لەلای خاوەن کارەکانیانەوە پێدراوە.

٧. سەرەڕای ئەوەی ژنان دیاری تایبەتیان پێبەخشراوە کۆمەڵێك مافی وەك مافی مۆڵەتی دایکایەتی نیو ڕۆژ کارکردنیان پێدراوە لەکاتی دایکایەتیدا، کارکردنی ژنان لە کارگە و کێڵگەکاندا کاری پێکەوەی و هەرەوەزی بوە، بەگشتی ژنان ڕۆڵگێڕی کارای ناو پرۆسە هەمەلایەنەکانی دەوڵەتی هاخامەنشی- بون و باسکردنی هەر پرسێکی تایبەت بە دەوڵەتی هاخامەنشی- بەبێ ئاماژەدان بەژنان بابەتێکی تەواو دەرناچێت و کەموکوڕی ئێجگاری دەبێت.

## سەرچاوەکان:


ئازاد،حسن: (٢٠٠٧)، ئافرەت لەودیوپەڕەی حەرەمسەراکانەوە، وەرگێڕانی: وریا قانع، هەولێر:منارە.

اباد، جاکوب: (١٣٩١)، یادگار هخامنشیان و ساسانیان (تخت جەمشید، پاسارگاد، نقش رستم... بیشاپور)، چاپ اول، ترجمە لیلا زارع، شیراز: ملینا.

ارفعی،عبدالمجید:(١٣٨٧)، گل نبشتهای باروی تخت جەمشید،تهران، مرکز دایره المعارف بزرگ اسلامی.

آريدويچ، ادوين گرانتوسكي و ديگران: (١٣٨٦)، تاريخ ايران باستان تا امروز، ترجمه كيخسرو كشاورزى، چاپ دوم، تهران: مرواريد.
آزاد، حسن: (١٣٦٦)، پشت پرده هاى حرم سرا (گوشه هايي از تاريخ اجتماعي ايران)، چاپ چهارم، انتشارات:ديبا
اومستد، آلبرت: (١٣٨٣)، تاريخ شاهنشاهي هخامنشي، ترجمه محمد مقدم، تهران: چاپ سوم، انتشارات علمي و فرهنگي.
اومستد،آلبرت: (١٣٤٠)تاريخ شاهنشاهي هخامنشي، ترجمه محمد مقدم، تهران: ابن سينا، فرانكلين.
بجندى،فرشته سادات حسينى و، جمالى، بهرخ: (١٤٠٠)، مشاركت اقتصادى زنان در عصر هخامنشى با اسناد به الواح تخت جمشيد، مجله:مطالعات ايران كهن، شماره دوم، صص٦٨-١٠١.
بروسيوس، ماريا: (١٣٨١).زنان هخامنشي، ترجمه هايده مشايخ، تهران: چاپ اول، نشرهرمس.
بريان، پي ير: (١٣٧٧)، تاريخ امپراتورى هخامنشيان از كوروش تا اسكندر، ترجمه مهدى سمسار، دو جلد، تهران: نشر زرياب.
بريان، پی ير:(١٣٧٩)تاريخ امپراتور هخامنشى، جلد اول،چاپ سوم، ترجمه:مهدى مسمار، تهران:زريان.
بريان، پير، (١٣٣٦آ)، تاريخ و ايدئولوژى: يونانيان و انحطاط هخامنشى، وحدت سياسى و تعامل فرهنگى در شاهنشاهى هخامنشى (مجموعۀ مقالات)، ترجمۀ ناهيد فروغان، تهران اختران، صص:80-57 .
بهرامى، عسكر: (١٣٩٩)، ايران زمين روزگار باستان، تهران:فرهنگ معاصر.
بیگر، هرمز. (٢٠١٩)، چيانشينانى زاگرۆس، وەرگێڕانى،حەمەى حەمەسەعيد، چاپى سێيەم، چاپچانەى جنگل-تاران.
پيرنيا، حسن. (١٣٨٩)، تاريخ ايران قبل از اسلام،قم:انتشارات نيلوفرانه.
تجويدى، على اكبر:(١٣٨١)، گزارش حفارى هاى باستان شناسى تخت جەمشيد، بنياد پژوهشهاى هخامنشى
حجازى، بنفشه: (١٣٨٥)،زن و تاريخ : بررسي جايگاه زن از عهد باستان تا پايان دوره ساسانيان، تهران : قصيده سرا.
عكاشة،ثروت:(٢٠١٢)، الفن الفارسى القديم، الطبعه التاسعة، قاهرة:المجلس الأعلى للثقافة.
خسروى،زهرا:(١٣٩٨)، نقش و فعاليت اقتصادى زنان در دورەى هخامنشيان، پايان نامه:دانشگاه فردوسى مشهد.
دريايى، تورج. (١٣٨٦)، زن در دوره هخامنشى، مجله:باستان شناسى و تاريخ، شماره:٢.
دياكونف م.م. (١٣٨٠)، تاريخ ماد، ترجمه: كريم كشاورز، تهران، انتشارات علمى و فرهنگى.
الذكر،مرضيه مشغول:(١٣٩٣), بررسى نقش زنان دوره داريوش اول هخامنشى با توجه گل نبشتهاى تخت جمشيد،پايان نامه: دانشگاه ازاد اسلامى،واحد مرودوش.
رجبي، پرويز: (١٣٨٤)آتوسا در دانشنامه ايران، جلداول، تهران: بنياد دائره المعارف بزرگ اسلامي
رساله دكترا، اساتيد راهنما: بهمن فيروزمندى و شاهرخ رزمجو، اساتيد مشاور: مارك گريسون و كمالالدين نيكنامى، دانشگاه تهران.
مجيدى،مجيدى:(١٣٩٦)، بررسى مقايسەاى وضعيت زنان در يونان باستان و ايران عصر هخامنشى، پايان نامه:دانشگاه تبريز.
شمس الدين بهارك: (١٣٩٣)، نقش و جايگاه زن در اثار هنر هخامنشيان، پايان نامه:دانشگاه الزهرا.
صفاران،الياس و خيزوگى، سلماز: (١٣٩٦)، جايگاه زنان دردوره هخامنشى بر اساس گل نبشتها و الواح عيلامى تخت جمشيد، سومين همايش علمى باستان شناسى ايران:ابان ١٣٩٦:تهران صص ٢١-٣٦.
صفايى،يزدان:(١٣٩٤)، يونانى، تاثيرات آن در نگارش يونان تاريخ هخامنشى، پايان نامه:دانشگاه تهران.

عبدالرحمن،شاڵاو مصطفی و محمود،شاناز ابراهیم: (٢٠٢٤)، هاوسەرگیری قەدەغەکراو(محارم)لە کۆمەڵگەی ئێرانی کۆندا لە (ئیلامەوە تا کۆتای دەوڵەتی ساسانی ) گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین ژمارە ١١ بەرگی ٦، لا٥٨٠-٦١١.
عبدالرحمن،شاڵاومصطفی و محمود،حسن قادر: (٢٠٢٤)، ڕۆڵی سیاسی و ئابوری ژن لەناو دەوڵەتی هاخامەنشی، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە ١١،بەرگی٤، لل:١١٤-١٤٠.
عنبرسوز، مریم: (١٣٩٠)، زن در ایران باستان، تهران: چاپ اول، انتشارات روشنگران و مطالعات زنان.
فیروزمندی،بهمن، مکنودی، لیلا (١٣٨٨)، گل نبشتهای باروی تخت جەمشید (خط و نوع متنها)، مجله مطالعات باستانشناسی شماره٢، صص٤٩-٦٢
فیوضات،ابراهیم:ابان (١٣٦٤)، پیدایش و زوال کارگاه های پیشەوری، مجلەای حسابدار، شماره١٢، صص٣٤-٥١
کاملی،فاطمه:(١٤٠٠)، زنان پشت پرده زنان پشت رو، عوامل اعمال قدرت سیاسی توسط زنان هخامنشی،مجله:پژوهش در تاریخ، شماره٣١، سال یازدهم،صص١-٢٦.
کرتیس،جان:(١٣٩٢)،جواهرات زیولات شخصی، امپراتور فراموش شده(فرهنگ،هنر وتمدن هخامنشی)، ترجمه:خشایارشا بهاری، تهران:فروزان روز.
کوهستانی،امین رضا:ابان(١٣٨٦)، حقوق اقتصادی،اجتماعی و فرهنگی بشر در دوره هخامنشی، مجله:اطلاعلت سیاسی و اقتصادی، شماره:٢٤١-٢٤١، صص١٢٨-١٤٥.
کخ،هاید ماری:(١٣٨٩)، از زبان داریوش، ترجمه:پرویز رجبی،چاپ چهاردههم، ناشر:کارنگ.
کوهستاني، امين رضا: (١٣٨٦)، حقوق اقتصادی، اجتماعي و فرهنگي بشر در دوران هخامنشي، اطلاعات سياسي - اقتصادی، شماره. ٢.
گریشمن،رومن:(١٣٨٥)، ایران از اغاز تا اسلام،ترجمه:محمد معینی، چاپ هفد هم، تهران:علمی و فرهنگی.
مصطفوی،کاشانی، تقی،محمد: (١٣٨٣)، مجموعه مقالات در زمینه باستان شناسی،جلد دوم، تهران:انجمن اپار مفاخر و فرهنگی.
محمد، جمیله عبدالکریم:(١٩٩٦)، قورینائیة والفرس الأخمینیون(منذ انشا قوريني حتى سقوط اسرة باتوس)، بیروت: دارالنهضة العربیة.
مکوندی، لیلا: (١٣٩١)، مهرهای اداری در متنهای*Q* (متنهای سفر) در تابلتهای باروی تخت جەمشید،
موسوی بجنوردی، کاظم. (١٣٩٣)، تاریخ جامع ایران، جلد یکم، تهران، انشارات مرکز دایره المعارف اسلامی.
نمازی، محمد و تاک، فاطمه: (١٣٩٢)، واکاوی الواح گلي استحکامات تخت جمشید با تمرکز بر شیوه حسابداری و دفترداری، دوره، ٢٠، شماره ٤.
هرتسفلد، ارنست امیل. ( ١٣٨١)، یران در شرق باستان .ترجمه همایون صنعتیزاده. تهران: پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی.
هینتس. والتر:(١٣٨٤)، داریوش و ایرانیان،ترجمه:پرویز رجبی، تهران:ماهی.
هینتس،والتر:(١٣٨٦)، شهریاری عیلام .ترجمه پرویز رجبی. تهران: ماهی
ویسهوفر، یوزف. (١٣٨٣) ایران باستان از 550ق.م تا 650پس از میلاد،ترجمه مرتضی ثاقبفر. تهران: ققنوس.
Aeschylus, (ca. 525/524 – c. 456/455 B.C), *The Complete Greek Tragedies*,David Grene and Richmond Lattimore (trans.), 1942-1956, Illinois: The University of Chicago Press.
Brosius, Maria, 1996, Women in Ancient Persia (559-331 BC ), Oxford: Clarendon Press.
Briant, Pierre, 1985, “Don de terres et de villes: L'Asie Mineure dans le Contexte achéménide”, Revue des Études Anciennes **87** (1-2): 53-71.

Mark,Joshua:(2020), women in achaemenid persia,world history encyclopedia,30 jan.

Briant, Pierre, 1985, “Don de terres et de villes: L'Asie Mineure dans le Contexte achéménide”, Revue des Études Anciennes **87** (1-2): 53-71

Diodorus Siculus (first century B.C.E.), *The Historical Library of Diodorus the Sicilian in Forty Books, Volume one: books 1-14*, Giles Laurén (ed.), 2014, Sophron.

Hallock, Richard, 1978, *“*Selected Fortification Texts*”*, *CDAFI **8***: 109-136.

Henkelman, Wouter*, 2003, “*An Elamtte Memorial: The Šumar of Cambyses and Hystaspes*”,* In Wouter Henkelman and Amélie Kuhrt (eds.),*Achaemenid History XIII: A Persian Perspective*, Leiden: Nederlands Jnstituut voor het Nabije Oosten, pp.101-172.

Henkelman, Wouter, 2008, *The Other Gods Who Are: Studies in ElamiteIranian Acculturation based on the Persepolis Fortification Texts*, Leiden: Nederlands Jnstituut voor het Nabije Oosten.

Herodotus, (1920). *Herodotus with an English Translation*, The Loeb Classical Library, Trans. A. D. Godley. Cambridge, Massachusetts: Harvard University Press. *http://www. iranicaonline. org/articles/ Amestri-gr.*

Llewellyn-Jones, Lloyd and James Robson, 2010, *CTESIAS’ History of Persia: Tales of the Orient*. London and New York: Routledge.

Llewellyn-Jons,L. (2013). *King and Court in Ancient Persia (559 to 331 BCE)*, Edinburgh: Edinburgh University Press.

Llewellyn-Jons,L. (2013). *King and Court in Ancient Persia (559 to 331 BCE)*, Edinburgh: Edinburgh University Press.

Plutarch, (1926). *Plutarch's Lives*, The Loeb Classical Library, Trans.

Plutarch, (1926). *Plutarch's Lives*, The Loeb Classical Library, Trans. Bernadotte Perrin. Cambridge, MA: Harvard University Press.

Kawase, Toyoko:(1984) , Female Workers Pašap in Persepolis Royal Economy, Acta Sumerologica **6**: 19-31.

Schmitt, R. (1989). “*Amytis*”, *Enc. Ir.*, 1: 999. Available at: *http://www.iranicaonline.org/articles/amytis-median-and-persian-female*

Strabo, (1903). *Geographia*, Trans. H.C. Hamilton, Esq., W. Falconer, Cambridge, MA: Harvard University Press.

Xenophon, (1922). *Anabasis*, Trans. Carleton L. Brownson, Cambridge: Harvard University Press.

---

[١]. (ئاتوسا ٥٥٠-٤٧٥پ.ز): كچی كۆرشی گەورەو شاژنی یەكەمی داریوش و دایكی خەشایارشا بوە بە یەكێك لە بەهێزترین ژنانی ناوكۆشكی هاخامەنشی۔ ناسێنراوە بەر لەوەب ببێتە هاوسەری داریوش، هاوسەری كەمبوجیە(٥٣٠-٥٢٢ پ.ز)ی برای بوەو پێكەوە هاوسەرگیری محاریم (هاوخوێنی – قەدەغەكراو)یان ئەنجامداوە (اومستد، ١٣٨٣، ٢٩٠) . (رجبی، ١٣٨٤، ٥٨١-٥٨٣).

٢. مێژوی ڕوداوە جۆربەجۆرەكان و ماوە و ساڵی فرمانڕەوای هەمو پاشاكانمان لە پەرتوكی گریشمن (ایران از اغاز تا اسلام) وەرگرتوە، چونكە بەشێك لە توێژەرانی ڕای جیاوازیان لەسەر ساڵی فرمانڕەوای پاشایان هەیە و پەرتوكەكەی گریشمن یش وەك سەرچاوەیەكی باوەڕپێكراو لێی دەڕوانرێ لەلایەن مێژونوسانەوە

٣. سكاییەكان: ساكاییەكان لە مێژوی كۆندا بە سێ پارچەی جوگرافی جیاوازیشدا پۆلێنبەندی دەكرێن؛ یەكەم ناوی ساكا لە بەرد نوسەكانی ئەخمینی وەكو (Saka)ناویان هاتوە، لەبەڵگە ئاشوری و بابلییەكاندا بە (ئەشگوزانی) ناسراون و تەوارتیش وەكو (ئەشكوز یان ئەشكناز) ناویان دەبات و یۆنانییەكانیش وەكو (Skutho) ناویان دەبەن و ئەوروپییەكانیش لە دەقە مێژوییەكاندا پێیان دەڵێن (Scythe) كە مەبەست ئەو ساكایانەی دانیشتوی ڕۆژهەڵاتی دەریای خەزەر (كاسپین یان مازەندەران)ە؛ ساكاكان بە سێ بەش دابەشدەبون: یەكەم ساكاییەكانی ئاسیای ناوەڕاست كە لە ناوچەكانی سەیحون، جەیحون و ڕۆژهەڵاتی دەریای ئاراڵ نیشتەجێ بون ساكاییەكانی ڕۆژئاوا كە لە

بەڵگە یۆنانییەکان بەتایبەتی هێرۆدۆت باسیان لێوەکراوە دانیشتوی باکوری دەریای ڕەش بون و ساکاییەکانی ئاسیای ڕۆژئاوا کە بەدوای شەڕ لەگەڵ (کیمیری)ییەکان لەم ناوچەیە واتە باشوری ئانادۆڵ و تەنانەت باشوری چیاکانی قەفقاز نیشتەجێبون بۆ ماوەی حەفتا ساڵ بەردەوام هێرشیان دەکردە سەر ئێران، ئاسیای بچوک و دو ڕوبار و هتد. (دیاکونوف،١٣٨٠: ٩٧-٩٥)؛ (موسوی بجنوردی، ١٣٩٣: ٣٣٩-٣٢٧).

٤. پریساتس یاخود پروشات کچی ئەردەشێری یەکەمە خێزانی داریوشی دوەم بوە و شاژنی هەرە گەورەو بەدەسەڵای کۆشك بوە جگە لەوەی خاوەن دەسەڵاتێکی فراوان بوە خاوەن سەرمایەو زەویوزارێکی زۆر بوە لەدوای ناکۆکی لە نێوان کوڕەکانی ئەردەشێری دوەم و کۆرشی ب١وك لە دەسەڵات لایەنگیری کۆرشی بچوکی کردوەو سەرچاوەی دارای سوپای کۆرشی بچوك بوە دژی ئەردەشێر(مجیدی، ١٣٩٦، ١٠٧)

٥. ئیسخیلۆس Aeschylus ٥٢٥-٤٥٦پ.ز: نوسەرێکی شانۆیی دراژیدی یۆنانییە خاوەنی ٧٠ شانۆنامەیە و تەنها چەند شانۆنامەیەکی کەمی ماوەتەوە، شانۆنامەکانی بابەتی جیاجیای لەخۆگرتبو، فارسەکان یەکێك لە بابەتەکانی شانۆکانی بون.شانۆ نامەی ئەسخیلۆسی یۆنانی لە دوای هێرشەکانی خەشایارشا بۆسەر یۆنان بەقەڵەمی ئەسخیلۆس نوسراوە، شانۆکە لەبارەی ژنانی هاخامەنشیەوەیە لە ڕاستیدا ئەم شانۆنامەیە تەنها دیدی پیاوانی یۆنانییە بۆ ژنانی هاخامەنشی_ لەگەڵ ئەوەی نوسەۆ ئێرانی نەبینیوە بەڵکو وڵاتەکانیان هەزاران فرسەخ لیکدورن بۆیە ناتوانرێ وەك سەرچاوەیەکی ڕەسەن بۆ ناسینی ژنانی هاخامەنشی سود لەم شانۆنامەیە ببینین (دریایی،١٣٨٦، ٥٣).

٦. عیلامیەکان: یەکێك بو لە دەوڵەتە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی کۆن لە بەری باشوری چیانی زاگرۆسە لە ناوچەکانی (خوزستان لوڕستان و پشتکۆ و جیاکانی بەختیاری) پێکهاتبو سنوری ئەم دەوڵەتە لە خۆرئاوا ڕوباری دیجلە و لە خۆرهەڵاتیش تا ڕۆژهەڵاتی هەرێمی پارسی خستبوە ژێر کۆنترۆلی خۆی لە باکورش تاهەمەدان و لە باشوریش تا شاری (بەشەهر)لە خەلیجی فارسی لە ژێردەستدا بوە شوش پایتەختی عیلام و گرنگترین شاری سەردەمی عیلام بوە سەبارەت بە ناوی عیلام بە مانای شاخاوی دێت و نوسینی عیلامی یەکێك لە بەناوبانگترین نوسینەکانی ڕۆژهەڵاتی کۆنە وکە شێوازی نوسینەکەیان لە سۆمەرییەکان وەرگرتوە و سەبارت بە ئاینیی عیلامییەکان پێیان وابوە جیهان پڕلە ڕوحی پیرۆزە، کە شایەنی پەرستن و (شوشیناك)خوداوەندی گەورەی عیلامییەکان بوە سەبارەت بە مێژوی دەسەڵاتداری عیلام مێژونوسان مێژوی فەرمانڕەوای عیلامیان بە سێ قۆناغدا دابەش کردوە *یەکەم*:سەردەمی دێرینی عیلام، کە هاوسەردەمە لەگەڵ سۆمەرو ئەکەد لە دەوروبەری ساڵی( ٢٢٢٥پ.ز) دەست پێدەکات *دوەم* عیلامی هاوسەردەمی بابل ٢٢٢٥-٧٤٥پ.ز) *سێیەم* قۆناغی کۆتای عیلامە، کە هاوسەردەمە لەگەڵ دەوڵەتی ئاشور لە نێوان ساڵانی (٧٤٥-٦٤٥پ.ز). (پیرنیا، ١٣٨٩، ٢٨-٣٢)و (بیگر،٢٠١٩، ٧٢-٧٣)

٧. ئەو تابلێتانەی لە کۆشکەکانی (ئاپادان و سەد ستون) دۆزرانەوە ناویانلێنرا (تابلێتەکانی کۆشکە شاهانەیەکانی تەختی جەمشید) (Persepolis Fortification) ئەو تابلێتانەی لەوکۆشکتنەدا دۆزراونەتەوە پێشگری PF یان بۆ دادەنرێت

٨. ئەو تابلێتانەی بە تەبلێتەکانی ئەرشیفی تەختی جەمشید ناسراون (Persepolis Treasury) پێشگری PTی بە پێش ژمارەکانیانەوە لکێنراوە

٩. مەبەست لە (PFS) کورتکراوەی (Persepolis Forification Seals) مەبەست لەو مۆرانەیە، کە لە کۆشکەکانی تەختی جەمشید دۆزراونەوە.

10. مەبەست لە NNتابلێتە دۆزراوە بڵاونەکراوەکانی تەختی جەمشیدن و کورتکراوەی NOT NUMBRED ە.

١١.خاتو ئێردەبامە خاوەن چەندین کارگەی هەمەجۆر بوە بەشێکی زۆری ئەو کارگانە لە دەوروبەری شیرازی ئەمڕۆ بون، ئەم کارگانە بریتیبون لە ڕستن و چنین و شەڕابسازو هونەری وردی وەك زێڕنگری...هتد، بە دەقیقی نازانرێ کاری گروپی ئەبەکەش چی بوە، بەڵام ئەوەی زانراوە ئەم گروپی کارە سەر بە شاژنە ئێردەبامە بوە و پێشناوی (کرتاش)ی لەگەڵ هاتوە بۆ نمونە کرتاش ئەبەکەنەش واتا هێزی کاری ئەبەکەنەش ناسناوی (مؤنث)، کە ئاماژەی گروپێکی مێینەبوە بەم گروپەوە لکاوە (الذکر، ١٣٩٣، ٦٥-٦٨)

١٢. کوارت: یەکەی پێوانەی کێش بوە لای هاخامەنشییەکان یەك کوارت یەکسان بوە بە ٠,٩٦٤ لیتر.

١٣. ئەو تابلێتانەی پێشگری PT یان پۆداراوە، مەبەست لێیان تابلێتە دۆزراوەکانی گەنجینەکانی تەختی جەمشیدە، کە ژمارەیان نزیکەی ٨٠٠ تابلێت بوە PT یش کورتکراوەی PERSEPOLIS TREASURY یە.

١٤. Fort کورتکراوەی fortification بە واتا کۆشك یاخود قەڵا دێت.